بسم الله الرحمن الرحيم

# تێگەیشتنی شەرعیی
# لە
# هاوپەیمانیی سیاسیی

نووسینی
ناظم عەبدوڵڵا

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناوی کتێب : تێگەیشتنی شەرعیی لە هاوپەیمانیی سیاسیی
لەبڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی کۆمەڵ ( ٤ )
نووسینی : ناظم عەبدوڵڵا
ساڵ : ١٤٢٦ك ـ ٢٠٠٥ز
چاپ : دووەم ، سلێمانی
تیراژ : ٣٠٠٠ دانە
بەرگ : سەیوان سەعیدیان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

# ناوەڕۆك

سەرچاوەكان ...................................................................٤
وتەی نووسەر.....................................................................٥
پێشدەستی ......................................................................٦
هاوپەیمانیی لە ژیننامەی پێغەمبەر ﷺ دا.....................................٨
چەند تێبینییەك لەسەر كۆچی طائف .......................................١٢
پێغەمبەر ﷺ لە مەككەدا چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕێبازو ڕووداوەكاندا دەكرد؟.....١٢
پوختەی ڕای زانایان لەسەر هاوپەیمانیی لەگەڵ نا موسڵماناندا..............٢٢
ئەركی ئێستای بزاڤە ئیسلامییەكان.........................................٢٥
دەق و سەنەدی ئەو فەرموودانەی لە بارە هاوپەیمانییەوە هاتوون.............٣٠

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## سەرچاوەکان

١. القران الكريم
٢. موسوعة الحديث النبوي الشريف. موقع روح الأسلام.
٣. د. وهبه الزحيلي: الفقه الأسلامي ودراسته، دار الفكر، الطبعة الرابعة ١٤١٨هـ - ١٩٩٧م .
٤. أبو الفداء الحافظ عمادالدين اسماعيل بن عمر بن كثير القريش الدمشقي: البداية والنهاية، الطبعة الأولى ١٤١٦هـ - ١٩٩٦م.
٥. ابن القيم الجوزية: زاد المعاد في هدي خير العباد .
٦. د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية ، الطبعة الثانية ١٤١٦هـ - ١٩٩٦م.
٧. د. علي محمد الصلابي:السيرة النبوية ، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م.
٨. منير محمد الغضبان: التحالف السياسيى في الأسلام، الطبعة الثانية،١٤١٩هـ - ١٩٩٩م.
٩. عبد السلام هارون: سيرة ابن هشام ،طبعة ١٩٧٢م.
١٠. ابن حجر العسقلاني: فتح الباري بشرح صحيح البخاري ، الطبعة الأولى،١٤٢٠هـ - ٢٠٠٠م.
١١. د. خالد رشيد الجميلي: أحكام الأحلاف والمعاهدات في الشريعة الأسلامية والقانون، ١٩٨٧م بغداد.
١٢. صلاح عبدالرزاق: العالم الأسلامي والعربي، دراسة القانون الدولي الأسلامي، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢ دار السلام.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

ئاشکرایە شوێنکەوتوانی بزاڤیئیسلامیی پێویستیان بە تێگەیشتنێکی زیاتر لەسیاسەتی شەرعی هەیە، تا بەرچاو ڕۆشن بن لەو ڕووداوو گۆڕانکاریانەی بەسەر جیهانو ناوچەکەدا دێت، چونکە تێگەیشتن لە سیاسەتی شەعی وا لەشوێنکەوتوانی کاری ئیسلامیی دەکات، جیاوازی بخەنە نێوان بڕیارەکان کە چەندێك لەگەڵ مەبەستی شەریعەتدا دەگونجێتو لە چ شوێنێکیشدا دژ بە بنەماکانی دەوەستێت، ئەو بڕیارو هەڵوێستە سیاسییانەی دەدرێن مەرج نییە دەقێکی شەرعیان لەسەر بێت، بەڵکو مەرج ئەوەیە پێچەوانەی دەقێکی شەرعی نەبنو ئەم تێگەیشتنەش بەدوو شێوە بەدەست دەهێنرێت:

**یەکەم**: بەلێکۆڵینەوە لەژیانو بەسەرهاتی پێغەمبەر ﷺ کەچۆن بانگەوازی کردووەو ئەو قۆناغانە چینو چۆنن کە پێغەمبەر ﷺ پێیاندا تێپەڕیوەو لەکاتی لاوازییو بێ دەسەڵاتییدا، چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەوروبەریدا کردووە، کاتێك دەسەڵاتی پەیدا کردووە چی کردووەو چۆن مامەڵەی لەگەڵ کردوون، بۆ ئەوەی بتوانین لەژیانو بەسەرهاتی پێغەمبەر ﷺ سوود وەربگرینو دایبەزێنینە سەر کارو سیاسەتی ڕۆژانەمان.

**دووەم**: پێویستە بەشوێن زانستو زانیاریدا بگەڕێن، وەکو خوای گەورە دەفەرموێت (.. فَاسْأَلُواْ أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لاَ تَعْلَمُونَ) (النحل: ٤٣). واتە شوێنکەوتوانی بزاڤی ئیسلامیی پێویستە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو دەقە شەرعییانە بکەن کە پەیوەندییان بەمامەڵەی ڕۆژانەوە هەیە لەگەڵ دەوروبەرداو بزانن پێغەمبەر ﷺ چۆن مامەڵەی لەگەڵ گاورو جوولەکەو هاوەڵپەرستەکاندا کردووە، پاشان ڕای زانایان لەو بارەیەوە چۆنە، کەسێکیش دەتوانێت فەتوا بداتو ڕێنمایی موسڵمانان بکات کە شارەزایی زۆری لەسەر دەقە شەرعییەکانو واقیعی موسڵمانان هەبێت. ئێستاش هاوپەیمانیی سیاسیی لەجیهانی ئیسلامیدا بەگشتیو لەکوردستان بەتایبەتی، بۆتە جێگەی مشتومڕی شوێنکەتوانی بزاڤی ئیسلامییو هەندێ بە سەلبی قسەی لێدەکەنو هەندێکیش بە ئیجابی. لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی کورتە باسێك بەنێوی (تێگەیشتنی شەرعیی لە هاوپەیمانیی سیاسیی) بخەمە بەردیدی خوێنەران بەئومێدی ئەوەی توانیبێتم وەڵامی هەندێك لەو پرسیارانە بدەمەوە کە لەزیهنی هەندێ خەڵکدایەو توانیبێتم ئامانج بپێکم و ڕاستی مەسەلەکان بخەمە ڕوو ، داواکاریشم خوای گەورە لەهەموو هەڵەو کەموکوڕییەکانم ببورێت. تەنها خوداش پیشاندەری ڕێگەی ڕاستە.

**ناظم عەبدوڵڵا**

**١٣/شوال/ ١٤٢٦ ـ٢٠٠٥/١١/١٧**

**سلێمانی**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## پێشدەستی

إن الحمد لله نحمده ونستعينه ونستغفره ونستهديه، من يهده الله فهو المهتد ومن يضلل فلن تجد له ولياً مرشداً، وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم.

هاوپەیمانیی یەکێکە لەو هەنگاوە گرنگانەی لە ژیانی سیاسیی پێغەمبەردا ﷺ بەرچاوو دیارە، یەکەم هەنگاوی ڕووبەڕووبوونەوەشی لەگەڵ نەیارەکانی بە هاوپەیمانیی لەگەڵ دەوروبەریدا دەستی پێکردووە، هەموو کات پارێزگاری لەو هاوپەیمانییە کردووەو بە چاکەیەکی گەورەی زانیوە، هاوپەیمانییەکانی پێغەمبەریش ﷺ لەسەر بنچینەی خزمایەتی یان بەرژوەندی هاوبەش بوون یان لەسەر بنچینەیەکی چاکەخوازی دامەزراون کە هەموو ئەمانە پێیان دەوترێت هاوپەیمانیی، هەندێکیان کاتیی بوون‌و هەندێکیشیان درێژ خایان.

هاوپەیمانییەکانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ بێباوەڕەکاندا بووە، بەڵام لە نێوان موسڵماناندا برایەتی دروست کردووە، هەروەك دەفەرمووێت: (لا حلف في الإسلام) ئەم فەرموودەیە بوخاری گێڕاوییەتییەوە، هیچ کاتێکیش پەشیمانی دەرنەبڕیوە لەو هاوپەیمانییانەی کە کردوونی بەڵکو فەرموویەتی: ( وأيما حلف كان في الجاهلية فإنه لم يزده الإسلام إلا شدة) ئەم فەرموودەیە لە صەحیحی ئیبنوحیببان و موستەدرەکی حاکم و موسنەدی پێشەوا ئەحمەددا هاتوە، هەر کارێکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی ئەگەر پێغەمبەر ﷺ بە تەنها بۆی نەکرا بێت هەوڵی داوە لەگەڵ کەسانی شیاو بۆ ئەو کارە ئەنجامی بدات بە بێ سڵەمینەوە لە عەقیدەو بیروباوەڕی ئەو کەسانە، لەم نامیلکەیەدا بە یارمەتی خوا باسێك لەو هاوپەیمانییانە دەکەین کە پێغەمبەر ﷺ وهاوەڵانی کردوویانەو ڕای زانایانیش لەسەر ڕاڤەکردنی ئەو دەقانە دەخەینەڕوو کە لە قورئان‌و سوننەتدا هاتوون‌و ئەرکی ئەمڕۆی موسڵمانان بەرانبەر ئەو هاوپەیمانییانەش ڕوون دەکەینەوە

مانای هاوپەیمانیی لە زمان‌و شەرعدا بەمانای پەیمان بەستنە لەگەڵ لایەنێك کە هەردوو لا ڕاستگۆبن لەگەڵ یەکترو پەیمان نەشکێنن و(حلف يحلف حلفا) بە هەر هاوپەیمانییەك دەوترێ کە مرۆڤ نەتوانێ لێی لا بدات، (والحلف بالكسر) بەمانای برایەتیش هاتووەو بە مانای پەیمان بەستنی نێوان دەستەیەکیش هاتووە هەروەکو دەڵێن: (تحالفوا) واتە (تعاهدوا).

لە فەرمودەیەکدا هاتووە کە پێغەمبەر ﷺ (حالف بين قريش والأنصار ) ئەم فەرموودەیەش بوخاری گێڕاوییەتییەوە،واتە برایەتی خستە نێوانیانەوە، هەر شتێك سوێند خواردن‌و پەیمان وگرێبەندی‌و رێککەوتنی تێدا بێت لە نێوان لایەنی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

جۆراوجۆردا بەمانای (حلف) دێت و ئەوەی لە نێوان موسڵمانان دەکرێت بەمانای (عهد)و برایەتی دێت[1] .

لەو فەرمودەیەشدا کە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت: (لا حلف في الإسلام) مەبەست پێی پەیمان بەستنە لەسەر فیتنەو کوشتارو پشتیوانی لە خزم وکەس لەسەر ناحەقی، کە ئەمانە لە سەردەمی نەفامیدا هەبوون و ئیسلام قەدەغەی کردوون، هەر هاوپەیمانییەکیش لە پێش ئیسلامدا بەسترا بێت بۆ یارمەتی دانی ستەم لێکراو وگرتنی دەستی ستەمکار وەکو هاوپەیمانیی چاکەخوازان (حلف الفضول) ئەوە ئیسلام پاشتر فەرمانی پێ کردووەو توندوتۆڵ تری کردووە هەر وەکو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت:( وأیما حلف کان في الجاهلیة لم یزدة الإسلام إلا شدة) ئەمەش مانای هەردوو فەرمودەکە یەك دەخاتەوە .

پوختەی مانای ئەو دوو فەرموودەیە:

١–لا حلف في الإسلام[2]: مەبەست پێی هاوپەیمانییە لەسەر کاری ناڕەوا.

٢–مەبەست لەم فەرمودەیەش:( أوفوا بحلف الجاهلیة فإنه لم یزیده الإسلام إلا شدة)[3] مەبەست لەو هاوپەیمانییانەیە کە لەسەر چاکەو پشتیوانی لە ستەم لێکراو مافخوراو دەکرێت.

٣– ڕێگرتن لە هاوپەیمانیی پاش فەتحی مەککە بووە وەك چۆن ڕێگری لە کۆچ کراوە[4].

٤–ئێمە دەتوانین ئەوە لەم فە رمووەدەیەوە وەربگرین کە، دەکرێت هاوپەیمانیی لەگەڵ هەر کەس و لایەنێکدا بکرێت کە بەرژوەندی گشتی موسڵمانانی تێدا ڕەچاو بکرێت، ئاشکراشە پێشەواو زانایانی ئیسلام ئەوە دیاری دەکەن کە چ کاتێك بەستنی هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنێك واجبەو چ کاتێك دروستەو ڕێگەی پێدراوە.

---

١ـ منیر محمد الغضبان: التحالف السیاسیی في الأسلام، الطبعة الثانیة،١٤١٩ه ـ ١٩٩٩م، لاپەڕە ٧-٨.

٢ـ حدثنا محمد بن الصباح: حدثنا إسماعیل بن زکریاء: حدثنا عاصم قال:قلت لأنس رضي الله عنه: أبلغك أن النبي صلى الله علیه وسلم قال: (لا حلف في الإسلام). فقال: قد حالف النبي صلى الله علیه وسلم بین قریش والأنصار في داري. ﴿٥٧٣٣، ٦٩٠٩﴾ رواه البخاري باب الكفالة .

٣ـ أخبرنا أبو یعلى قال حدثنا أبو خیثمة قال حدثنا إسحاق الأزرق قال حدثنا زکریا بن أبي زائدة عن سعد بن إبراهیم عن نافع بن جبیر بن مطعم عن أبیه أن النبي صلى الله علیه وسلم قال لا حلف في الإسلام وأیما حلف كان في الجاهلیة فإن الإسلام لم یزده إلا شدة. صحیح ابن حبان.

٤ـ منیر محمد الغضبان: التحالف السیاسیی في الأسلام، الطبعة الثانیة،١٤١٩هـ ـ ١٩٩٩م لاپەڕە ٩.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

## هاوپەیمانیی لە ژیننامەی پێغەمبەر ﷺ دا

بانگەوازی پێغەمبەر ﷺ بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە، قۆناغی یەکەم لاوازیو بێدەسەڵاتی بووە کەلەو کاتەدا پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا هەوڵی لێکتێگەیشتن و گفتوگۆی دەدا هەروەکو (ئیبنولقەییم) لە (زاد المعاد) بەرگی (٢) لاپەڕە ١٤٢ دەڵێ: "لەو پەندانەی لە پەیمانی حودەیبیە وەریدەگرین، دروستە هاوپەیمانیی، بەڵکو (مستحب)ە ئەگەر دەستکەوتنێکی دینی وەهای تێدا بەرجەستە دەبوو کە ئیسلام دەیەوێت بیچەسپێنێت".

لە ژیانی پێغەمبەر ﷺ دا زیاتر لە هەشتا جێگادا باسی هاوپەیمانیی تۆمارکراوەو خوای گەورە لەسێ شوێندا فەرمانی بە پێغەمبەر ﷺ کردووە هاوپەیمانیی بکات لەپێناو داننان بەو پەیامەی کە هێناویەتی"، (وَإِن كَذَّبُوكَ فَقُل لِّي عَمَلِي وَلَكُمْ عَمَلُكُمْ أَنتُمْ بَرِيئُونَ ممَّا أَعْمَلُ وَأَنَاْ بَرِيءٌ مِّمَّا تَعْمَلُونَ) (یونس: ٤١). (قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ قُلِ اللَّهُ وَإِنَّا أَوْ إِيَّاكُمْ لَعَلَى هُدًى أَوْ فِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ) (سبأ: ٢٤). (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُم مِّن دِيَارِكُمْ أَن تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ) (الممتحنة: ٨).

دیارە ئەم فەرمانانەی خودا بۆ پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەیە لە ڕێگەی گفتوگۆو لێک تێگەیشتنەوە بێباوەڕان ڕاستی ئیسلامیان بۆ ئاشکرا بێت.

یەکێکی تر لەو سوودانە: هاوەڵپەرستانو کەسانی خاوەن بیدعەو تاوانکارو یاخیبووەکانو ستەمکاران ئەگەر داوایەکیان لە موسڵمانان کرد کە بە هۆیەوە ڕێزو حورمەتی سنوورێکی خوای گەورەی تێدا دەگیرا ئەوا پێویستە بەدەم داواکەیانەوە بچنو بەڵێنیان پێ بدرێو هاوکاری بکرێن لەسەری با ڕێگە لەکاری تریش بگرن، چونکە ئەو هاوکارییە دەچێتە خانەی بەرز ڕاگرتنی سنووری خواوە، نەک بۆ بێباوەڕیو یاخی بوونەکەیان.

لەم قۆناغەدا زۆربەی کارەکانی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا گفتوگۆو لێك حاڵی بوونو هەڵبژاردنی ئاشتی بووەو لەو پێناوەشدا هەموو جۆرە هەوڵێکی داوە بۆ هاوپەیمانییو ئاشتەوایی و واز لەیەکتر هێنان، نموونەی ئەو هاوپەیمانییانەی کردوونی، زیاتر لە (٧) هاوپەیمانییە.

قۆناغی دووەم: بوونی هێزو دەسەڵاتەکە ئەویش لەگەڵ بەرانبەرەکانیدا بە بانگکردنیان بۆ ئیسلام دەستی پێکردووە، ئەگەر قبوڵیان نەکردبێت هەنگاوی دووەم ڕێککەوتن بووە لەگەڵیان لەسەر وەرگرتنی سەرانە (الجزیە) ئەگەر ئەوەشیان قبوڵ نەکردبێو شەڕیان هەڵبژارد بێت ئەو کاتە پێغەمبەر ﷺ جەنگی لەگەڵ کردوون.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**لەو هاوپەیمانییانەش کە پێغەمبەر ﷺ بەشدار بووە یان ئامادەبووە تێیاندا:**

١- (حلف المطيبين): واتە هاوپەیمانی بۆن خۆشەکان، ئەم هاوپەیمانییە جیاوازە لە (حلف الفضول): ( حدثنا عبد الله حدثني أبي حدثنا بشر بن المفضل عن عبد الرحمن بن إسحق عن الزهري عن محمد بن جبير بن مطعم عن أبيه عن عبد الرحمن بن عوف عن النبي صلى الله عليه وسلم قال:شهدت حلف المطيبين مع عمومتي وأنا غلام فما أحب أن لي حمر النعم وإني أنكثه قال الزهري: قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لم يصب الاسلام حلفا إلا زاده شدة ولا حلف في الاسلام وقد ألف رسول الله صلى الله عليه وسلم بين قريش والأنصار. مسند احمد.

واتە ئامادەی هاوپەیمانیی بۆن خۆشەکان بووم (ئەگەر گشت ئاژەڵە بەنرخەکانم بدەنێ حەزناکەم لێی پاشگەز ببمەوە، لە پێش ئیسلامدا بەرانبەر (الأحلاف) (المطيبون) دروست بوو، (مطيبون) لە پێنج هۆز پێکهاتبوون (عەبدولمەناف، زوهرە، ئەسەدیکوڕی عەبدول عوززا، تەیم، حارثی کوڕی فەهر) ئەحلافیش لە پێنج هۆز پێکهاتبوون عەبدوددار، جومح، سەهم، مەخزوم، عەدی) هۆکەشی ئەوە بوو عەبدوددار لە مەککەدا دەستیان گرتبوو بەسەر هەموو کارە چاکەکاندا و نەوەی مەنافیان لێ بێ بەش کردبوو ئەوانیش بۆ وەرگرتنەوەی مافی خۆیان هاوپەیمانیی (مطيبين)یان دروستکردوو قاپێ گوڵاویان دانا لای کەعبەو هەموو هۆزەکان دەستیان تێخست و بە کەعبە سڕییانەوە بۆیە ناویان لێنرا بۆن خۆشەکان.

ئەم هاوپەیمانییە کە پێغەمبەر ﷺ تێدا بەشدار بوو، شوێنەواری لەسەر بانگەوازی پێغەمبەر ﷺ هەبوو کە زۆربەی نەوەی مەناف بە سەرۆکایەتی ئەبوطالیب پشتیوانیان لە پیغەمبەر ﷺ کرد هەروەکو ئەحلاف بەهۆی سروشتی هاوپەیمانییەکەیانەوە دژ بە بانگەوازی ئیسلام وەستان، پاشان ئەو دوو هاوپەیمانە رێککەوتن و کارە چاکەکانی ناو مەککە، وەکو بەرگگرتن لە کەعبەو ئاودان بە حاجیانیان، لەناو خۆیاندا بەشکرد، لەدوای هاتنی ئیسلامیش پێغەمبەر ﷺ هاوکێشەی هۆزەکانی تێك نەدا کاتێکیش ئیمامی عەلی (خوا لێی رازی بێت) لەکاتی فەتحی مەککەدا وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ خزمەتی بەیت و حاجییان بسپێرە بە ئێمە، پێغەمبەر ﷺ قبوڵی نەکرد بەڵکو عوسمانی کوڕی تەڵحەی بانگ کرد کە لە ئەحلاف بوو کلیلی کەعبەی دایەوەو فەرمووی ئەمڕۆ ڕۆژی چاکەو ئەمەکدارییە، جارێکی دی فەرمووی حەزناکەم لە هاوپەیمانیی (مطيبين) پاشگەز ببمەوە ئەگەر هەموو (ئاژەڵە بەنرخەکانم بدەنێ) و لەدەرەنجامی هاوپەیمانیی بۆن خۆشەکان ئەوە بوو لەکاتی دابەشکردنی کارە چاکەکانی مەککەدا کلیلی ماڵی خودای بە عوسمانی کوڕی تەڵحە دایەوە کە لەنەوەی عەبدوددار بوو، ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەر ﷺ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئاماژەیە بۆ ئەوەی چۆن ئەو کاتە هەوڵی داوە یارمەتی ستەم لێکراو بدات ئێستاش کە دەسەڵاتی هەیە لەسەر پەیمانی خۆیەتی.

٢-(حلف الفضول ) واتە هاوپەیمانیی چاکەخوازان: بێگومان ئەم هاوپەیمانییەش لەسەر شوێنەواری هاوپەیمانیی بۆن خۆشەکان دروست بوو، ئەم هاوپەیمانییە بیست ساڵ لە پێش پێغەمبەرایەتی موحەممەد ﷺ بووە، هۆیەکەشی ئەوە بوو پیاوێکی بازرگانی یەمەنی شتومەکی هێنا بوو لە مەککە بیفرۆشێت، عاصی کوڕی وائیل کە پیاوێکی دەست رۆیشتو بوو لیێ کڕیبوو حەقەکەی پێی نەدەدا، پیاوە ستەم لێکراوەکەش چووە سەر شاخی ئەبو قوبەیس کە بەسەر مەککەدا دەڕوانێت و هاواری کردو وتی پیاوێکی مەککەیی شتی لێکڕیوم و حەقەکەم ناداتێ لەسەر داوای زوبەیری کوڕی عەبدولموطەللیب لەماڵی عەبدوڵڵای کوڕی جودعان کۆبونەوەو پەیمانیان بەست لەسەر ئەوەی پارێزگاری لە ستەم لێکراو بکەن و لەمەککەدا رێگە نەدەن کەس مافی بخورێت.

قورەیشیش ئەم هاوپەیمانییەی ناونا هاوپەیمانیی چاکەخوازان و مافی کابرای ستەم لێکراویان سەندەوە، پێغەمبەر ﷺ سەبارەت بەم هاوپەیمانییە دەفەرمویێت: (لقد شهدت في دار عبدالله بن جدعان حلفاً ما أحب أنكثه أن كان لي به حمر النعم، ولو أدعي به في الإسلام لأجبت ) واتە لە ماڵی عبدوڵڵای کوڕی جودعان ئامادەی هاوپەیمانییەك بووم و نایگۆڕمەوە بە گشت (ئاژەڵە بە نرخەکان) ئەگەر لە ئیسلامیشدا بۆی بانگ بکرێم دەچم بەدەمیەوە.

ئامانجی هاوپەیمانیی چاکەخوازان بریتی بوو لە پشتیوانی لە ستەم لێکراوو گرتنی دەستی ستەم کار: ئەم وانانەش لەم هاوپەیمانییەوە فێر دەبین:

أ-پێغەمبەر ﷺ شەرعییەتی بەخشی بەم هاوپەیمانییە کە فەرمووی : ئەگەر لە ئیسلامیشدا بۆی بانگ بکرێم بەدەمیەوە دەچم.

ب- ناوەرۆکەکەی لە ئیسلامیشدا دەمێنێتەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت(هەر هاوپەیمانییەك لەسەردەمی نەفامیدا کرا بێت ئیسلام بەهێزتری کردووە[٥].

لەم دوو هاوپەیمانییەوە کە پێغەمبەرﷺ تیادا بەشداربوو، بۆمان روون دەبێتەوە ئەگەر لایەنە ئیسلامییەکان بە تەنیا نەیان دەتوانی روو بەڕووی ستەم و زۆر ببنەوە پێویستە هاوپەیمانیی ببەستن، هەر کەسێکیش بۆ ئەو مەبەستە داوای هاوپەیمانیی لێکردن دەبێ بەدەمیەوە بچن، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێت ئەگەر

---

٥ د. علي محمد الصلابي:السير النبوية، الطبعة الأولى ١٤٢٥ﻫ ـ ٢٠٠٤م، بەرگی یەکەم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بانگ بكریم بۆ هاوپەیمانیی چاكەخوازان بەدەمیانەوە دەچم، ئەمە لە كاتێكدا ئەگەر ستەم لە یەكێك بكرێت ئەی ئەگەر ستەمەكە لە میللەتێك بوو، بەتەنیا تۆش نەتدەتوانی مشوریان بخۆیت و باری سەرشانیان سوك بكەیت ئەو كاتە ئەو هاوپەیمانییە واجیبەو نەكردنیشی تاوانە.

ئەم دوو هاوپەیمانییەی باسمان كرد لە پێش ئەوەدا بووە كە پێغەمبەر ﷺ پەیامی بۆ بێت و پێشەوامان موحەممەد ﷺ دوای ئەوەی بوو بە پێغەمبەرو بە چەند قۆناغێك هاوپەیمانیی كردووە:

**قۆناغی یەكەم:** كە ئایەتی ﴿ وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الْأَقْرَبِينَ ﴾ (الشعراء:٢١٤) هاتە خوارەوە پێغەمبەر ﷺ چل پیاوی لە نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب ونەوەی مەناف كۆكردەوە بەڵام ئەبو لەهەب كۆبوونەوەكەی تێكداو وتی ئێمە ناتوانین بچین بە گژ هەموو عەرەبدا، بەڵام پێغەمبەر ﷺ گوێی پێ نەدا جاریكیتر كۆی كردنەوەو ئەبوطالیب بەدەمیەوە هات و، ڕایگەیاند كەوا من پشتیوانی لێ دەكەم و وازی لێ ناهێنم، لەم كۆبوونەوانەدا پێغەمبەر ﷺ خزمەكانی بانگكرد بۆ یەكتاپەرستی وەكو ئایەتە پیرۆزەكە ئاماژەی پێ دەكات بەڵام خەڵكەكە بوو بە دوو بەشەوە بەشێكی دژی وەستان و بەشێكی تریان بە سەرۆكایەتی ئەبوطالیب پشتیوانی خۆیانیان بۆی دەربڕی.

**قۆناغی دووەم:** قورەیش ویستیان بە ئاشكرا پێغەمبەر ﷺ بكوژن، بەڵام ئەوەبوو بۆ پارێزگاری لێكردنی بە سەرۆكایەتی ئەبوطالیب بەنی هاشم و بەنی موطەللیب هاوپەیمانییەكیان بەست كە قورەیش زانیان ئەوان پشتی بەرنادەن بۆ ماوەی سێ ساڵ گەمارۆی ئابووریان خستە سەریان، كە پاشان بەهاوپەیمانییەكی تر لە نێوان گەورە پیاوانی قورەیشدا گەمارۆكەیان هەڵوەشاندەوە، دوای سەركەوتنی ئیسلام ئەم هاوپەیمانییە شوێنەوارێكی گەورەی بە جێهێشت، ئەویش ئەوە بوو بەشی (ذوي القربى) خزمان لە دەستكەوتەكان دەدرا بە نەوەی هاشم و نەوەی موطەللیب و خزمەكانی تری لێ بێ بەش دەكرا، هەر وەكو ئیمامی ئیبن كەثیر لە ڕاڤەی ئەم ئایەتە پیرۆزەدا ﴿ وَاعْلَمُوا أَنَّمَا غَنِمْتُمْ مِنْ شَيْءٍ فَأَنَّ لِلَّهِ خُمُسَهُ وَلِلرَّسُولِ وَلِذِي الْقُرْبَى وَالْيَتَامَى﴾ (الأنفال:٤١)، دەڵێت ( بەشی خزمان دەدرێت بە نەوەی هاشم و بە نەوەی موطەللیب ، چونكە نەوەی موطەللیب پشتیوانی لە نەوەی هاشم كردووەو لە سەردەمی نەفامی و لەسەرەتای ئیسلامدا، موسڵمان و كافرەكانیان لە پێناوی پێغەمبەرا ﷺ قبوڵی گەمارۆی شیوی ئەبوطالیبیان كرد، بەڵام نەوەی عەبدوششەمس و نەوەی نەوفەل كە ئامۆزاو كوڕی مامی بوون چونكە دژایەتی پێغەمبەر ﷺ یان دەكردو قورەیشیان دژی هاندەدا، ئەوان ئەو مافەیان نەبوو تەنانەت پاش موسڵمان بوونیشیان.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**قۆناغی سێیەم**: هاوپەیمانیی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ (موطعیمی کوڕی عەدی) ئەوە بوو پاش ئەوەی ئەبو طالیب مردو خەدیجەی خێزانی (خوای لێ رازی بێت) وەفاتی کردو پێغەمبەر ﷺ بێ پەنا مایەوە، هەر وەکو جارێکیان فەرمووی: (ما نالت قريش مني شيئا أكرهه حتى مات أبو طالب) بۆ پەیدا کردنی پشتیوان چوو بۆ طائف دە ڕۆژ لەوێ مایەوە، جگە لەوەی کە پەنایان نەدا زۆر بە ناشیرینی بەگژیدا چوون، پاشان پێغەمبەر ﷺ ناردی بۆلای سێ ناوداری قورەیش کە پەنای بدەن دوانیان ڕەفزیان کردو (موطعیمی کوڕی عەدی) وتی وەکو پەناهەندەیەك قبوڵت دەکەم و پارێزگاریت لێ دەکەم، لێرەدا زەیدی کوڕی حارث خۆی بۆ نەگیراو وتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن تۆ دەگەڕێیتەوە ناو قورەیش دوای ئەوەی دەریان کردوویت؟ پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی (ئەم بارودۆخەی تۆ دەیبینیت خوا دەروومان لێدەکاتەوەو خوا دینەکەی سەردەخات و پشتیوانی لە پێغەمبەرەکەی دەکات).

پاشان بۆ پەیداکردنی پەنایەك بۆ بانگەوازەکەی پێغەمبەر ﷺ پەیوەندی کرد بە نزیکەی پانزە هۆزی قورەیشەوە ئەوانیش لەبەر ئەوەی هەندێکیان بەلاوازیان دەزانی و داهاتوویان بە ڕوونی نەدەبینی و هەندێکیشیان دەیانزانی داهاتووی هەیە بەڵام نەیان دەوێرا هیچیان پەنایان نەدا [٦].

## چەند تێبینییەك لەسەر کۆچی طائف

١- دەبێ جێگەی سەرسوڕمان نەبێت کە دەبینین بزاڤی ئیسلامیی بە قۆناغێکدا تێپەڕ دەبێت لە هەموو شوێنێك ڕێی لێبگیرێت و کەسیش نەبێت لای لێ بکاتەوەو پەنای بدات و دۆست و هاوپەیمانێکی خۆی نەبینێت و ئەو کەسانەش کە دەریان دەکەن ناچارە بچێتەوە ناویان هەر وەکو زەیدی کوڕی حارثە خۆی بۆ نەگیراو وتی ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ چۆن دەچیتە ناویان کە ئەوان دەریان کردوویت.

٢- پێویستە موسڵمان خوا بە پشتیوان و پەنای خۆی بزانێت و دڵنیا بێت دوای ئەوەی هەموو هەوڵەکانی خستە گەڕو هیچی نەهات بەدەستییەوە خوا (جل جلالە) فریای دەکەوێ وەکو پێغەمبەر ﷺ لە وەڵامی زەیدا فەرمووی: خوا دەروومان لێ دەکاتەوەو دینەکەی و پێغەمبەرەکەی سەردەخات.

٣- تاقیکردنەوە پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە بە جێگیربوون و دەسەڵات پەیدا کردنەوەوە، خوایگەورە دەسەڵات نادات بە هیچ گەلێك تا تاقی نەکاتەوە لەم مانایەدا جارێك پیاوێك پرسیاری لە ئیمامی شافیعی (خوای لێ رازی بێت) کرد:

---

٦- د. علي محمد الصلابي:السير النبوية، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ - ٢٠٠٤م، بەرگی یەکەم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کامیان باشترە بۆ مرۆڤ دەسەڵاتی بدرێتی یان تاقی بکرێتەوە؟ ئیمامی شافیعیش فەرمووی: دەسەڵات نادرێ بە مرۆڤ تا تاقی نەکرێتەوە، چونکە خوای گەورە نوح و ئیبراهیم و موسا و عیسا و موحەممەدی ﷺ تاقیکردووەتەوە[٧]. ئەم تاقیکردنەوەیەش بۆ ئەوەیە دامەزراوبن و بەهەڵەو کەم و کوڕیەکانیاندا بچنەوە، کاتێك دەبن بە شوانێکی چاکی پاکی بە ئەزمون بن وەکو چۆن خوای گەورە پێغەمبەرەکەی تاقیکردەوە بە هەمان شێوە ئیمانداران تاقیدەکاتەوە.

## پێغەمبەر ﷺ لە مەککەدا
## چۆن مامەڵەی لەگەڵ ڕێبازو ڕووداوەکاندا دەکرد؟

وەك لە بەسەرهاتی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە پاش وەفاتی ئەبوطالیب پێغەمبەر ﷺ بێ پەنا بوو، جارێك خزمایەتی پاڵی بە ئەبو لەهەبەوە نا بەخەیاڵیدا هات وتی ئەی برازاکەم چیت دەکرد لەکاتی زیندوێتی ئەبوطالیب دا ئێستاش بڕۆ بیکە، ئەم هەڵوێستەی ئەبولەهەب هەورە بروسکەیەك بوو بۆ قورەیشییەکان ئەوانیش بەزیرەکی خۆیان بەرنامەیان بۆ نەهێشتنی ئەو پەنایە دانا، بە ئەبولەهەبیان وت: پرسیار بکە لە موحەممەد ﷺ ئەبو طالیب لە کوێیە؟ ئەویش وتی: پرسیارم لێ کردووە دەڵێ لەگەڵ قەومەکەیدایە، هەروەکو جارێکی تر عوتبەی کوڕی ڕەبیعە پرسیاری کردبوو لە پێغەمبەر ﷺ ئایا تۆ باشتری یان عەبدوڵڵای باوکت تۆ باشتری یان ئەبو طالیب ؟ پێغەمبەر ﷺ وەڵامی نەدابووەوەو بێدەنگ بوو بوو، بۆیە ئەبوجەهل و عوتبە بە ئەبولەهەبیان گوت ئەو گومانی وایە ئەبو طالیب لە دۆزەخ دایە. دیسانەوە ئەبو لەهەب پرسیاری کرد ئەی موحەممەد ئەبو طالیب دەچێتە دۆزەخەوە؟ پێغەمبەریش ﷺ دواجار لە وەڵامدا وتی: ئەوەی لەسەر بیروباوەڕی ئەبو طالیب بمرێ دەچێتە دۆزەخەوە، ئەبولەهەبیش وتی سوێند بەخوا تاماوم دەبێ دوژمنایەتیت بکەم. لە کاتی گفتوگۆی نێوان نەجاشی و جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب لەسەرەتاوە جەعفەر بە شێوەی دیبلوماسی و خۆلادان وەڵامی ئەو پرسیارانەی دایەوە کە نەجاشی دەربارەی عیسا(علیه السلام) کردنی پاش ئەوەی کە وەفدی قورەیش چوون بۆ لای نەجاشی وایان تێگەیاند کە موسڵمانەکان دەربارەی (عیسا سەلامی خوای لەسەر بێ) قسەیەك دەکەن لەگەڵ بیروباوەڕی تۆدا ناگونجێ، دیسانەوە نەجاشی بانگی کردنەوە، ئەوانیش ناچار بوون حەقیقەتی عیسا لە قورئان چۆن باسی لێوە کردووە ئەوها بۆ نەجاشی باس بکەن، کە ئێمە

---

٧- د. علي محمد الصلابي:السيرة النبوية، الطبعة الأولى ١٤٢٥ه - ٢٠٠٤م، بەرگی یەکەم، لاپەرە ٣٣٩ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ناچینە درێژی ئەو باسەوە کە چۆن ئەنجامەکەی بە خێر بۆ موسڵمانان گەڕایەوە بەڵام گرنگ ئەوەیە بزانین دەکرێ هەندێ کات خۆمان لە هەندێ هەڵوێست قوتار بکەین کە چاوەڕوان دەکرێ ئەنجامی خەراپی هەبێت بۆ موسڵمانان.

لێرەدا لەسەر ئەم دوو رووداوە پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین کە لەبەر ناسکی بارودۆخی موسڵمانان لە مەککەدا پێغەمبەر ﷺ خۆی لە وەڵامی ئەو جۆرە پرسیارانە دەپاراست چونکە دەیزانی وەڵامدانەوەی بێ باوەڕەکان بە ڕاشکاوی زیانی بۆ بانگەوازەکەی دەبێت بۆیە جاری یەکەم وتی ئەبو طالیب لەگەل قەومەکەیەتی بەڵام دوای ئەوەی کە بێ باوەرەکان ئیلحاحیان کردو ئەو کاتە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ وەڵامی راستی نەدانایەتەوە بێ باوەڕەکانیش و موسڵمانەکانیش گومانیان بۆ دروست دەبوو بۆیە بەڕاشکاوی پێی ڕاگەیاندن ئەوەی لەسەر ئەو بیرو باوەڕەی ئەبو طالیب بمرێ دەچێتە دۆزەخەوە بەهەمان شێوە هەڵوێستی جەعفەری کوڕی ئەبو طالیب لەگەڵ نەجاشیدا بەهەمان شێوە خۆپاراستن بوو لە وەڵامێك کە گومانی ئەوەی لێ دەکرا چارەنووسی موسڵمانان بەرەو ئاسۆیەکی نادیار بەرێت. بۆیە بەهەمان شێوە ئەمرۆ ئەرکی سەرشانی بانگخوازانە لە قۆناغە هەستیارەکاندا خۆیان لە هەندێ هەڵوێستی ناسك بپارێزن کە زیانی دەبێت بۆ موسڵمانان و پێویست ناکات ئەو وەڵامانە بدەنەوە کەباس نەکردنەکەی زیان ناگەیەنێت بە عەقیدە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ کە عوتبە پرسیاری لێکرد تۆ باشتری یان ئەبو طالیب –یان تۆ باشتری یان عەبدوڵلای باوکت. پێغەمبەر ﷺ بەربەرەکانێی لاوەکی بۆ خۆی دروست نەکرد، لە کاتێکدا کە پێغەمبەر ﷺ چاکترین مرۆڤی سەر زەوییەو بێباوەڕەکانی مەککە خۆیان ناویان لێ نابوو دەستپاك (أمین)، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ دەکرێت هەندێ لە دین دوابخرێن و کاتێك بگەیەنرێن کە سوودیان هەبێت و کاردانەوەی سەلبی نەبێت، پێویستە بانگخوازان جیاوازی بخەنە نێوان ڕێبازو سیاسەت مەرج نییە بانگخواز هەر چییەکی زانی بیلێت، حیکمەتیش نییە بانگخواز بە شێوەیەك لە شێوەکانی کارکردنەوە دەق بگرێت و لادان لێی بەلادان لە دین و ڕێباز بزانێت، بەڵام دواجار پێغەمبەر ﷺ موراعاتی ئەبولەهەبی نەکرد لەوەی پرسیاری چوونە ناو دۆزەخی ئەبو تالبی لێکرد، چونکە بێدەنگییەکە یان خۆلادانە کە زەرەری عەقیدەیی بۆ سەر موسڵمانان دەبوو، بێباوەڕانیش حەقیان لە خۆیانا بەدی دەکرد، خۆ ئەگەر نەگەیشتایە ئەو قۆناغە پێغەمبەر ﷺ ناچار نەدەبوو ڕێگەی طائف بگرێتە بەر بەڵکو موداراتی دەکردو لە پەنای ئەبولەهەبدا دەمایەوە، بۆیە دەتوانین لێرەدا ئەوە بڵێن کە بزاڤی ئیسلامی دەتوانێ هاوپەیمانیی لەگەڵ هەموو لایەنێکدا گرێ بدات و هەموو لایەنێکیش هاوپەیمانیی لەگەڵدا بکات بەمەرجێ شتێکی تێدا نەبێت زەرەر لە عەقیدە بدات و وا دەربکەوێ بێباوەڕەکانیش

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەسەر حەقن وەکو موسڵمانەکان، ئەوەشی لێوەردەگیرێت کە گەر دۆستایەتی لایەنێك کرا نابیّ لەسەر هەندیّ بۆ چوون وهەڵوێستی لاوەکی پەیوەندی لەگەڵ ناخۆش بکرێت و هەندیّ ڕستەو بیردۆزەی لاوەکی بهێنرێت لە جیاتی ڕێبازە بنەڕەتییەکان، دۆستایەتی و دوژمنایەتیان لەسەر بنیات بنرێت.

– لەکاتێکدا پێغەمبەرﷺ چوو بۆ لای نەوەی عامری کوڕی صەعصەعە بانگی کردن بۆ لای خوای گەورە پیاوێك لەوان بەناوی بوحەیرەی کوڕی فیراس بە پێغەمبەری گووت ﷺ ئەگەر پەیمانت بدەینیّ پاشان خوای گەورە تۆی سەرخست، دوای خۆت دەسەڵات دەدەیت بە ئێمە؟ پێغەمبەریش ﷺ لە وەڵامدا فەرمووی دەسەڵات هی خوایە هەر کەسێکی بوێت دەیداتیّ، ئەویش وتی ئێمە سینگمان بکەین بە ئامانجی عەرەب لە پێناوی تۆدا پاشان دەسەڵات بۆ ئێمە نەبێت، پێویستمان بەو کارەی تۆ نییە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم دانووستانە بۆیە سەری نەگرت چونکە نەوەی عامر داوای دەسەڵاتیان دەکرد کە بە شێوەیەکی شەرعی دوای پێغەمبەر ﷺ بیان درێتیّ.

جێگەی ئاماژە پێکردنە پێغەمبەر ﷺ داوای پشتیوانی لەبەر دوو هۆ دەکرد:

١–بۆ پارێزگاری کردنی و لەکاتی گەیاندنی بانگەوازەکەیدا بێباکانە هاتووچۆ بکات لەناو خەڵکداو کەس خراپە بەرانبەر بە خۆیو شوێنکەوتوانی نەکات .

٢–داوای کۆمەکی دەکرد لەبەر ئەوە بوو لەسەر بنچینەی ئەو بانگەوازە دەسەڵات و حوکم وەربگرێت.

چونکە ئەگەر بانگەوازەکە پارێزگاری لێکرا بنکەیەکی جەماوەری بۆ دروست دەبێت و خەڵکی دەبن بەهەڵگری فیکرەی بانگەوازەکە، ئەو کاتە ئامادەن قوربانی لەپێناودا بدەن زەمینەیەکی تۆکمەو بنکەیەکی فراوان دروست دەبێت کە فەرمانڕەوایی تێدا پیادە بکرێت.

لە دانووستانی نەوەی عامر، ئەوانیش گومانیان نییە تا پێغەمبەر ﷺ لە ژیاندا بێت هەر دەسەڵات بەدەست ئەوە ،بەڵام جیاوازییە کە لەوەدایە پاش وەفاتی پێغەمبەر ﷺ دەسەڵات بۆ کیّ دەبێت؟

وەڵامی پێغەمبەر ﷺ بۆیان ئەوەبوو فەرمانڕەوایی لە کاروباری دونیا دەگەڕێتەوە بۆلای خواو بواری دانووستانی تێدانییەو بڕیاری خواش وەکو لە شەریعەتدا دوایی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دیاری کرا، دەسەلات بەدەست گەلەوەیە، لە ڕێگەی بەیعەتەوە بە گوێرەی حوکمی ئیسلام کێیان بویێت بەوی دەدەن [٨].

ئەوەی لەم بەسەرهاتانەی پێغەمبەردا ﷺ تێبینی دەکرێت، کە دوای ئەوەی داوای کۆمەکی لە هۆزەکان دەکردو ڕەدی کردووەتەوە، لە بەرانبەر پشتیوانی لێکردنی پەیمانی گرتنی دەسەلات بدات پێیان، وەکو نمونەی عامری کوڕی صەعصەعە چونکە ئاینی پیرۆزی ئیسلام بانگەوازی خوایە، ئەوەی پارێزگاری لێ دەکات لە سەرەتادا دەبێ مەبەستی خوا بێت نەك بەرژەوەندی چونکە بەتەنها بەرژەوەندی هیچ زەمانەتێکی نییەو لەوانەیە پاش ساڵێك بەرژەوەندی ئەو لایەنە لە هەڵوێستی جیاوازدا بێت ئەو کاتە بناغەی ئەو بانگەوازە لەسەر هیچ دەبێت؛ کەواتە لێرەدا ئەتوانین ئەوە وەربگرین دیاری کردنی فەرمان ڕەوا مافی گەلەو هیچ کەس بۆی نییە هیچ مامەڵەیەکی لەسەر بکات بەڵکو گەل ئازادە بە گوێرەی بنەماکانی شەریعەت هەموو هۆکارێك بە کاربێنن بۆ فەرمانڕەوایی وگرتن و دیاری کردنی دەسەلات و ئەمەش هۆیەکی سەرەکییە کە پێغەمبەر ﷺ لە کاتی گفتوگۆ لەگەڵ ئەو هۆزانە هیچ جۆرە وەعدێکی پێنەداون، ئەگەر ڕۆژئاوا بە ئەزموونی چەند سەدەیەك لە ڕێگەی دیموکراسییەوە،گەیشتبنە ئەو قۆناغەی ڕێز لەڕای خەڵکی بگرن ئەوا پێغەمبەر ﷺ وەکو ڕێبازێك لەسەرتاوە پارێزگاری لەمافی میللەت و خەڵك کردووە و ڕێگەی نەداوە ئەو مافە پێشێل بکرێت.

لەم باسەدا ئەوە فێردەبین کە دەکرێ هاوپەیمانیی بۆ پێکهێنانی حکومەت بکرێت و لە ڕێگەی گەلەوە، بە مەرجێك مسۆگەر بێت کە زەبرو زۆر بەکارناهێنرێت و بەڕای ئازادانەی خەڵك ئەو حکومەتە پێك دەهێنرێت و ئەم بڕیارە دەکەوێتە دەست زانایان و پێشەوایانی موسڵمانان ئەوان دەزانن، خەڵك ڕای لەگەڵ کێدایەو چەندێك بانگەوازی ئیسلامیی لە ناو دڵی خەڵکیدا جێگەی خۆی کردووەتەوەو تا چەندێك خاوەنی جەماوەرن، بێگومان لەم کاتانەدا ئەم هاوپەیمانییە دەچێتە ڕیزی بەرژەوەندی موسڵمانانەوە نەك مسۆگەر کردنی دەسەلات بۆ ناموسڵمانان، چونکە نازانرێ بۆ چ لایەنێك دەبێت، لە کاتێکدا پێغەمبەر ﷺ ڕازی نەبوو هاوپەیمانیی لەسەر دەسەلات بکات لەبەر ئەوەیە ئەو کارە مافی جەماوەرە وەکو لەکاتی نەبوونی دەسەلات ڕازی نەبوو پاش دەسەلاتیش ڕازی نەبووە، ئەوەتا لە شێوازی فەرمانڕەوایدا شەریعەت پشتیوانی ڕای خەڵك دەکات و پاش وەفاتی خۆی پێغەمبەر

---

٨ ـ د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية ، الطبعة الثانية ١٤١٧هـ ـ ١٩٩٦م، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤١١.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ﷺ کەسێکی دیاری نەکرد کە بەرپرسی کاروباری موسڵمانان بێت، بۆیە پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ئەوەی پێی دەڵێن مومارەسەی دیموکراسی ئەو لایەنانە دەردەچن کە هێزیان بەدەستەوەیە، هەڵبژاردنی ئەمڕۆش لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بۆیە ئەندازەیەك سەرکەوتووە، چونکە هەموو میللەت لەسەر فیکرەو ئایدۆلۆجیایەك کۆکن لەوەدا کێشەیان نییەوکیٚ بەرکێی ئایدۆلۆجیا لەئارادا نییە بەڵکو تەنها کێشەیان ئەوەیە پاش چوار ساڵ کیٚ هەڵبژێرن، بەڵام لە وڵاتانی ڕۆژهەڵات بە هۆی بەربەرەکانێی ئیسلامو عەلمانی بە پێچەوانەوەیە، هەڵبژاردن بۆ فیکرو ئایدۆلۆجیایە وکەسیش ئامادە نییە واز لە بیرو قەناعەتی خۆی بهێنێت بۆ دیموکراسییەت، چونکە ئەوە پێچەوانەی دیموکراسییەتە، بۆیە بزاڤی ئیسلامی دەبیٚ لە قۆناغی ئێستادا جگە لە کاریٚ کە پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلامە هەموو هەنگاوێك بنێتو هەموو هاوپەیمانییەك بکات کە بەرژەوەندی موسڵمانانی تێدایەو هەوڵبدات بنکەی جەماوەری دروست بکات تاوەکو تەرازوی هێز بەلایدا دەکەوێتو تا ئەو کاتە بە گوێرەی توانای خۆی هەنگاو بنێت، چونکە تەکلیف لە ئیسلامدا بەگوێرەی توانایە، شتێك لە تواناداا نییە خوای گەورە داوای لیٚ نەکردوونو ئەحکامەکانی ئیسلامیش بەو شێوەیە دابەزیون، واتە ئەوەندە هاتووەتە خوارەوە کە جێبەجێبکرێت نەك هەمووی بەیەك جار، وەکو پێغەمبەرﷺ هاوپەیمانیی بۆ پارێزگاری لە موسڵمانان کرد ئەمڕۆش بزاڤی ئیسلامی دەتوانێت هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنێك بکات بۆ پارێزگاری لە بانگەوازی ئیسلامییو فراوانترکردنی ئاسۆی کاری ئیسلامیی.

–یەکێکی تر لەو هۆزانەی پێغەمبەرﷺ داوای پەناهەندەیی لێکردن نەوەی شەیبان بوو، ئەوە بوو لە وەڵامدا وتیان ئێمە لە نێوان عەرەبو فارسدا ین ئەگەر ڕازیت لە لایەنی عەرەبەوە پەنات دەدەینو پارێزگاریت لیٚ دەکەین پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی: کەسێك ئەم دینەی پیٚ سەر ناخرێت ئەگەر لەهەموو لایەنێکەوە پارێزگاری لیٚ نەکرێت.

لێرەدا ئەوە وەردەگرین کە بزاڤی ئیسلامیی دەتوانیٚ هاوپەیمانیی لەگەڵ لایەنێك بکات کەدەبێتە هۆی پارێزگاری لێکردنی لە وڵاتە زلهێزەکان، پێغەمبەریش ﷺ بۆیە پەنای نەوەی شەیبانی قبوڵ نەکرد، چونکە وتیان: ئێمە ناتوانین پارێزگاریت لیٚ بکەین لەبەرانبەر فارس، جێگەی ئاماژە پێکردنە ئەم دووربینییەی پێغەمبەریش ﷺ دەرکەوت کاتێك نامەی نارد بۆ کیسرا، نامەکەی دڕاندو ویستی پێغەمبەر ﷺ دەستگیر بکاتو پێغەمبەر ﷺ دەیزانی فارس دوژمنێکی سەر سەختەو خۆشی بە پێغەمبەر ﷺ و ئەم دینە تازەیەدا نایەت.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

هاوپەیمانیی لایەنێکی ئیسلامیی لەگەڵ لایەن و وڵاتە بچووکەکان کە هاوپەیمانی زلهێزەکان بن، لە رووەکردارییەکەیەوە لەوانەیە شتێکی گران بێت، چونکە وڵاتە زلهێزەکان لە سنووری بەرژوەندی خۆیاندا گوێ بیستی لایەن و وڵاتە بچووکەکان دەبن و لەو سنوورەشدا هاوپەیمانیی دەخوێننەوە، بەڵام ئەگەر لایەنێکیش لە خۆی ڕابینێ با هەندێ مەرجیشی هەبێت بە مەرجێك لە مومارەسەدا بتوانێت ئەمە بکات هیچ زیانێکی نییە.

–پاش کۆچ کردنی بۆ مەدینە، پێغەمبەر ﷺ هاوپەیمانیی لەگەڵ جوولەکەو موشریکەکاندا گرێدا کە ئەمانەش هەندێك لە بەندەکانی ئەو هاوپەیمانییەیە "جوولەکەی نەوەی عەوف ئوممەتێکن لەگەڵ ئیمانداران، جوولەکە دینی خۆیانیان هەیە"[٩].

"موسڵمانانیش دینی خۆیانیان هەیە، هەر کەسێك ستەم یان تاوان بکات ئەوە تەنها خۆی و بنەماڵەکەی لێی زیان بەخش دەبن، لەکاتی جەنگدا جوولەکە مەسرەفی خۆی دەکێشێت، بەهەمان شێوە لە کاتی جەنگدا موسڵمانان مەسرەفی خۆیان دەکێشن، لەناوخۆیاندا کۆمەکی یەکتر دەکەن لەدژی هەر کەسێك دژایەتی ئەم رێککەوتنە بکات، لەگەڵ یەکتر ئامۆژگاری و دڵسۆزی بە خەرج دەدەن، هیچ کەسێك بە تاوانی هاوپەیمانەکەی گوناهبار نابێت و پشتیوانیش لە ستەم لێکراو دەکرێت"، لە ئەنجامی هاوپەیمانیی مەدینە دەگەینە ئەم خاڵانە:

یەکەم: هاوپەیمانیی و رێککەوتن لەگەڵ غەیری موسڵمانان دا موالات و چوونە ناو ریزیانەوە نییە بەڵکو بەستراوە بە بەرژەوەندی موسڵمانانەوە.

هەندێ کات واجبە بکرێ و هەندێ کاتیش دروستە و رێگەی پێدراوە، هەر وەك پێغەمبەر ﷺ لە جەنگی (خەندەق)دا ئامادە بوو رێك بکەوێت لەگەڵ هۆزی تەمیمدا خۆیان و هێزەکەیان بگێرنەوەبەرانبەر ئەوەی ٣\١ داهاتی مەدینەیان بداتێ و

---

٩ـ (هەندێ لێکۆڵەرەوان وای دەبینن سەعدی کوڕی معاذ ـ خوای لێ رازی بێت ـ بە یاسای جوولەکە فەرمانی بەسەر جوولەکەی بەنی قورەیزەیادا دوای ئەوەی پەیمانیان لەگەڵ پێغەمبەردا شکاندو لە جەنگی بەنی قورەیزەدا دۆڕاندیان و لەلایەنی موسڵمانانەوە دەستگیر کران، کە ئەو یاسایە دەڵێ : لەکاتی داگیرکردنی شارێکی غەیری جوولەکە پیاوەکانیان دەکوژرێن و ژن منداڵەکانیان تاڵان دەکرێن ( لەمەوسوعەی جوولەکەدا بەرگی ٤ بەناوی (الديوترونومی) بە زمانی عیبری، کە کتێبی پێنجەمە، ئەمە هاتووە، راستەوخۆ پاش وەفاتی موسا –سەلامی خوای لە سەر بێت- نووسراوە ) هەندێکی تر وای دەبینن جێبەجێکردنی ئەو حوکمە پاڵپشتە بەدەستووری مەدینە کە دەڵێ: جوولەکە دینی خۆیانیان هەیەو موسڵمانانیش دینی خۆیانیان هەیە ، ئەگەر کەسێك ستەم یان تاوان بکات تەنها خۆی و خانەوادەی لێی زەرەرمەند دەبێت بە گوێرەی پەیماننامەکی لە نێوانیان). صلاح عبدالرزاق: العالم الأسلامي والعربي، دراسة القانون الدولي الأسلامي، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢ دار السلام لاپەڕە ٣٥٦ .

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پێشەوامان موحەممەد ﷺ فەرمووی بۆیە ئەمە دەکەم، چونکە هەموو عەرەب داباریوونەتە سەرتان و دەیانەوێت لەیەك کەوانەوە تیر بارانتان بکەن منیش ویستم ئەو بارەتان لەسەر سوك بکەم[10].

پێغەمبەر ﷺ ویستی بە ئیمتیازێکی بچووك کە پێدانی (٣\١)ی بەروبوومی مەدینەیە بیدات، لە بەرانبەر بلاوە پێکردنی قورەیش و جوولەکەو (غەطفان) و (تەمیم) کە لەوانە بوو ببێت بە هۆی لەناوچوونی موسڵمانان و داگیرکردنی مەدینە، موسڵمانان هەندێ کات پێویستە ئەو رێگایانە بگرنە بەر کە بەرژەوەندییان تیایەو خۆیانی لێ قوتار بکەن لەو بارودۆخانە کە بەسەریاندا سەپێندراوە، پێویستە ئەمرۆ موسڵمانان ئازابن و بتوانن ئەو دەقە شەرعییانە بخەنە مەیدانی کردارییەوەو خۆیان لە هەڵوێستی جارسکەر پێ رزگار بکەن، کەئەمانەش لە فیقهی ئیسلامیدا پێیان دەڵێن بەرژەوەندی رەها کە هەر شتێك شەریعەت هەڵینەوەشاند بێتەوە یان واجیبی نەکردبێت، موسڵمانانیش بەرژەوەندیان تێدابینی بەدوو مەرج دروستە ئەنجامی بدەن:

١- نەبێتە هۆی لەدەستدانی بەرژەوەندییەکی گەورەتر.

٢- نەبێتە هۆی پەیدابوونی زیانێکی وەکو خۆی یان گەورەتر.

ئایەتی ﴿وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى وَلا تَعَاوَنُوا عَلَى الْأِثْمِ وَالْعُدْوَانِ﴾ (المائدة:٢) دەیگرێتەوە[11]، چونکە هەر کارێك بەرژەوەندی گشتی موسڵمانانی تیدا پارێزراو بێت، ئەوە چاکەیەو هاوکارییە لەسەر تەقوا، یا لەرێگەی هاوپەیمانییتیشەوە بێت لەگەڵ بێباوەڕداو بەو هۆیەوە ژیانی موسڵمانێکیش بکەوێتە مەترسیەوە وەکو تەسلیم کردنەوەی ئەبو جەندەل و ئەبو بەصیر بەقورەیشییەکان، هەر هەنگاوێکیش بەرژەوەندی گشتی موسڵمانان بخاتە مەترسییەوە ئەوە گوناهو دوژمنایەتییە با ئەو کارە موسڵمانێکیش بیکات.

دووەم: هاوپەیمانییەکانی پێغەمبەرﷺ یان لەگەڵ جوولەکەدا بووە یان لەگەڵ هاوەڵپەرستاندا بووەو ئامادە بووە پارێزگاری لە بەرژەوەندی بوونیان بکات و لە پێناویاندا خوێن برێژێت.

سێیەم: رێککەوتنی مەدینە ئەوەیە: موسڵمانان و جوولەکە لە نێوان خۆیاندا ئامۆژگاری و دڵسۆزی بۆیەك بە خەرج دەدەن واتە هەر کاتێك موسڵمانان زانیارییەکیان لەلابوو، کەسێك دەیەوێت زیان لە هاوپەیمانەکەیان بدات بە گوێرەی ئەو بەندە موسڵمانان پێویستە هاوپەیمانەکەیانی لێ ئاگادار بکەنەوەو دڵسۆزیان بۆ

---

١٠- عبدالرحمن عبدالخالق: المسلون والعمل السياسي، لاپەڕە ٦ .

١١- عبدالرحمن عبدالخالق: المسلون والعمل السياسي، لاپەڕە ٦

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

بەخەرج بدەن چونکە ئەوە ناچێتە خانەی جاسوسییەوە بەڵکو ئەوە گرێ بەندییەکە پێویستە جێبەجێ بکرێت ((یَا أَیُّهَا الَّذِینَ آمَنُواْ أَوْفُواْ بِالْعُقُودِ) (المائدة :١) یان (وَالْمُوفُونَ بِعَهْدِهِمْ إِذَا عَاهَدُواْ (البقرة : ١٧٧ ) بەڵکو ناپاکی ئەوەیە لەو نەخشەو پیلانانە ئاگادار نەکرێنەوە کە ئەو لایەنە دەزانێ بۆ هاوپەیمانەکەی دانراوەو جێبەجێکردنی ئەم بەندانە تایبەتە بەسەرکردایەتی موسڵمانانەوەو ئەوان دەزانن چۆن بەندەکان جێبەجێبکەن و مافی خۆی بدەنێ و تاکی موسڵمان بە هیچ جۆرێك بە بێ ئاگاداری سەرکردایەتی دروست نییە بچێتە ئەو کارانەوە یان بە بیانوی بوونی هاوپەیمانیی و بۆ دەستکەوتی دونیایی پەیوەندی جۆراوجۆر دروست بکەن، هەر کەسێك ئەوە بکات ئەوە دەچێتە خانەی سیخوڕیەوەو دروست نییە.

لەوانەیە یەکێك بڵێت ئەو هاوپەیمانییانەی پێغەمبەر ﷺ کردوونی هەموو لە قازانجی موسڵمانان تەواو بووە بۆ نمونە ڕێککەوتنی مەدینە لەگەڵ جوولەکەدا بریاری کۆتایی بەدەست پێغەمبەر بووە ﷺ لە هاوپەیمانیی خوزاعە کە پێغەمبەر ﷺ پارێزگاری لێکردوون، بووە بە هۆی فەتحی مەککە بۆیە ناکرێت بە بەڵگە بۆ ڕێگەپێدانی هەموو جۆرە هاوپەیمانییەك، ئێمەش دەڵێن:

هۆی گەڕانەوەی بڕیاری کۆتایی لە ڕێککەوتنی نێوان پێغەمبە ﷺ و جوولەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم خاڵانە:

١-موسڵمانان زۆرینە بوون لە مەدینەو هەموو ماڵێکی پشتیوانان، ئاینی ئیسلام چووبووە ناوی جگە لەوەی خەڵکێکی زۆر لە موسڵمانان لە مەککەوە کۆچیان کرد بوو، بەو هۆیەوە جوولەکە لە چاو موسڵماناندا بوو بوون بە کەمایەتیو بە کردەیی پێغەمبەر ﷺ فەرمانڕەوای شاری مەدینە بوو.

٢-پێغەمبەر ﷺ لە هەڵوستەکانیدا شوێن هەواو ئارەزوو نەدەکەوت و چاوەڕوانی فەرمانی خوا بوو کە بە نیگا (وحی) ئاگاداری بکاتەوە، جوولەکە لەبەر ئەوەی دەستکاری تەوراتیان کرد بوو ڕاست و ناڕاستیان تێکەڵ کرد بوو لە ناخەوە زاناکانیان دەیانزانی موحەممەد ڕاستەو وەکو پێغەمبەرێك ﷺ نیگای (وحی) بۆ دێت و زۆر جار نهێنییەکانیان لە سنوورە شەرعییەکانی وەکو زینای ئاشکرا کردو دانیان پێدانا کەلە تەوارتیش دا تۆڵەی زینا ئەوەیە کە قورئان باسی لێوە کردووە.

٣- لەکاروباری ڕۆژانەو مامەڵەیاندا خوای گەورە پێغەمبەر ﷺ سەر پشك کردووە لەوەی بریار بۆ جوولەکە بدات یان بریاریان لەبارەوە نەدات وەکو دەفەرموێت: ﴿فَإِنْ جَاءُوكَ فَاحْكُمْ بَيْنَهُمْ أَوْ أَعْرِضْ عَنْهُمْ﴾ (المائدة:٤٢) : هەموو هۆزەکان لە مەدینەدا قەوارەو یاسای تایبەتی خۆیان هەبووەو ملکەچ نەبوون بۆ یاساکانی ئیسلام ئیمامی شافعیش دەفەرموێت: شك نابەم کەسێك هەبێت لە شارەزایانی بەسەرهاتی پێغەمبەر ﷺ لەوەدا ڕای جیاوازی هەبێت کە پێغەمبەر ﷺ

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

چووە مەدینە وەکو هاوپەیمانێك بەبێ سەرانە لەگەڵ جوولەکە ڕێککەوت و ئەوان حوکمی ئیسلامیان بەسەرا جێبەجێ نەکرا[١٢].

جیاوازی لە نێوان هاوپەیمان و ئەهلی ذیممەدا هەیە، چونکە هاوپەیمان تەنها لە سنووری هاوپەیمانییەکەوە پابەندن بە یەکەوە بەڵام ئەوانەی سەرانە دەدەن وەکو هاووڵاتی لە دەوڵەتی ئیسلامیدا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، جگە لە پاراستنی تایبەتمەندییەکانی خۆیان وەك موسڵمانیش ئەرك و مافیان هەیە.

٤- وەك لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد هاوپەیمانیی لەگەڵ ناموسڵماندا بەستراوەتەوە بە بەرژەوەندی گشتی موسڵمانانەوە کەبە گوێرەی قەوارەو بوون و شوێن و بارودۆخیان، ئەگەر قازانجیان بوو هاوپەیمانیی دەکەن، ئەگەر بەرژەوەندیشیان لە ڕێگەی ترەوە بوو پێویستە بیگرنە بەر، چونکە خوای گەورە موسڵمانان ناخاتە ناو قەفەسێکەوەو(ڕکەیەکەوە) هەرچی دەرگا هەیە لێیان دابخات پاشان تەکلیفیان لێ بکات بجووڵێن ﴿ لَا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إِلَّا وُسْعَهَا﴾ (البقرة:٢٨٦)، ﴿ لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْساً إِلَّا مَا آتَاهَا ﴾ (الطلاق:٧ ﴿ وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ ﴾(الحج:٧٨).

٥- پشتیوانی دەربڕین لە خوزاعە لەکاتی فەتحی مەککەدا چۆن چاوەڕوانی سەرکەوتنی لێدەکرا لەهەمان کاتدا مەترسی شکست هێنانیشی هەبوو بۆیە پێغەمبەر ﷺ دوعای دەکرد : خوایە چاو وگوێچکەی قورەیش بگرە تا بە نیازی پێغەمبەرەکەت ﷺ نەزانن، وەکو هەر خوای گەورە ئەم دوعایەی وەرگرت، خوای گەورە نامەی حاطەبی کوڕی ئەبو بەلتەعەی ئاشکرا کرد کە بۆ قورەیشی ناردبوو بۆیە تەنها مسۆگەر کردنی سەرکەوتن هۆکار نەبووە بۆ هاوپەیمانییەکان.

لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا پێغەمبەر ﷺ ئاشتەوایی حودەیبییەی لەگەڵ قورەیشدا گرێدا، یەکێك لە بەندی ڕێککەوتننامەکە ئەوە بوو:

هەرکەس پێی خۆشە بچێتە هاوپەیمانیی موحەممەدەوە دەتوانێت هاوپەیمانیی خۆی ڕابگەیەنێت، هەر کەسیش پێی خۆشە بچێتە هاوپەیمانیی قورەیشەوە دەتوانێت هاوپەیمانیی خۆی ڕابگەیەنێت، هۆزی خوزاعە هەستانە سەر پێ و وتیان ئێمە دەچینە گرێ بەندی و هاوپەیمانیی موحەممەدەوە و نەوەی بەکریش هەستانە سەرپێ و وتیان دەچینە گرێ بەندی و هاوپەیمانیی قورەیشەوە.

---

١٢ـ د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية ، الطبعة الثانية ١٤١٧هـ ـ ١٩٩٦م بەرگی یەکەم، لاپەرە ٤٧٤).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

ئەوە بوو لە ساڵی هەشتەمی کۆچی جەنگ کەوتە نێوان ئەو دوو هۆزەوە قورەیش بە نهێنی یارمەتی نەوەی بەکریان داو پەیمانی حودەیبییەیان هەڵوەشاندەوە، خوزاعە هاواریان بۆ پێغەمبەر ﷺ هێناو پاش دڵنیا بوونی پێغەمبەر ﷺ بە قورەیشی وت: خوزاعە ٢٣ کەسیان لێکوژراوەو خوێنەکەی بدەن ئەوانیش قبوڵیان نەکرد، ئەوکاتە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی خودا سەرم نەخات ئەگەر پشتیوانی خوزاعە نەکەم.

لەوکاتەدا پەڵە هەورێك بە ئاسمانەوە بوو فەرمووی ئەو پەڵە هەورە موژدەی سەرکەوتنی نەوەی کەعب دەدات.[١٣] پێغەمبەر ﷺ لە ساڵی دەی کۆچی هاوپەیمانییەکی ئاشتی گرێدا لەگەڵ گاوەرکانی (نەجران)و جوولەکەی (فەدەك)و (ئەیلە)و (تەیما)و (نەوەی صەخر) لە (کینانە)، ئەم رێککەوتنانە خودموختاریو سەربەخۆیی ئیداری بۆ مسۆگەر کرد بوون لە دەوڵەتی مەدینە، بۆیان هەبوو یاساو دەستووری خۆیان لەسەر زەوی خۆیان جێبەجێ بکەن، هەروەها لە ساڵی دەی کۆچی پێغەمبەر ﷺ پەیماننامەیەکی لەگەڵ نەوەی (ضمرة) گرێدا کە هەردوو لایان پشتیوانی لە یەکتر بکەن، هەمان گرێبەندی لەگەڵ نەوەی غیفار کردو بەهەمان مەرج، پەیوەندی ئاشتی لەگەڵ دەوڵەتی حەبەشەی نەصرانی چەند سەدەیەك بەردەوام بوو بە بێ ئەوەی نووسراوێك لە نێوانیان دا هەبێت، هۆیەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەو چاکەیەی دەوڵەتی حەبەشە لەسەرەتای ئیسلامەوە لەگەڵ موسڵمانان کردیانو کۆمەڵێکیان پەنادا لە دەست قورەیشییەکان کە هەڵوێستی موسڵمانانیش سوپاسو پێزانین بوو، لەبەرئەوە ئەو وڵاتە لە ئەو پەڕی دەسەڵاتی ئیسلامیی عەباسییەکاندا پارێزراو بووە لە جیهادو فتوحاتی سەربازی، خەلیفە یەك لەدوایەکەکانی موسڵمانانیش چەندەها هاوپەیمانیی ئاشتیانەیان بەستووە، کاربەدەستی میسر عەبدوڵلای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی صەرح لە سەردەمی خەلیفەی سێیەمدا، عوسمانی کوڕی عەففان (خوا لێی ڕازی بێت) هاوپەیمانیی

---

١٣ـ بۆ زیاتر شارەزا بوون لە ئاشتەواییو هاوپەیمانیی پێغەمبەر ﷺ سەرنجی ئەم سەرچاوانە بدە (١) ابن الحجر: فتح الباري بشرح صحيح البخاري، كتاب الشروط،بەرگی پێنجەم، لاپەڕە ٦٧٥. (٢) أبو الفداء الحافظ عمادالدين اسماعيل بن عمر بن كثير القريش الدمشقي: البداية والنهاية، الطبعة الأولى ١٤١٦هـ ـ ١٩٩٦م،بەرگی چوارەم، لاپەڕە ٣٢٣ . (٣) عبد السلام هارون: سيرة ابن هشام ،طبعة ١٩٧٢م، بەرگی دوو، لاپەڕە (٣٤و ٥١). (٤) د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية، الطبعة الثانية ١٤١٧هـ ـ ١٩٩٦م، بەرگی یەك، لاپەرە ٧٠٩. (٥) منير محمد الغضبان: التحالف السياسيى في الأسلام، الطبعة الثانية،١٤١٩هـ ـ ١٩٩٩م. (٦) د. علي محمد الصلابي:السيرة النبوية، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، بەرگی ١، (حلف الفضول)، بەرگی ٢، (صلح الحديبية).

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

لەگەڵ ئەهلی نەوبە(سودان) گرێدا لەسەر ئەوەی ئەوان هەموو ساڵێك سێ سەد سەر ئاژەڵ بدەن بە موسڵمانان و لە بەرانبەریش دا موسڵمانان خواردنیان بدەنێو ئەم رێککەوتنە شەش سەد(٦٠٠) ساڵی خایاند، لە ساڵی ٢٨ کۆچی موسڵمانان هاوپەیمانییەکان لەگەڵ خەڵکی قوبرسدا گرێدا کە نەصرانی بوون خەلیفەی دووەم عومەری کوڕی خەططاب (خوا لێی ڕازی بێت) گرێبەندی ئاشتی لەگەڵ قەومی جەراجمەدا بەست کەلە شاخەکانی سنووری نێوان دەوڵەتی بیزەنتییەو وڵاتی ئیسلامیدا بوونو نیمچە سەر بەخۆ بوونو رێککەوتنەکە ئەوەی لەخۆ گرتبوو کە ئەوان هەواڵگری دەوڵەتی ئیسلامیی بکەنو شاخەکانی سنووری خۆیان بپارێزنو سەرانە نەدەن ئەگەر بەشداری شەڕیشیان لەگەڵ موسڵماناندا کرد، بەخشیشیان بدرێتێ. بەڵام لەبەرئەوەی لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا مەترسیان بۆ سەرشام هەبوو، بۆ خۆبە دوورگرتن لە شەڕیان سەرانەیان پێدەدان وەکو ئیمامی (إبن كثير)[14] دەڵێ: عەبدولمەلیك لەگەڵ ڕۆما ڕێککەوت لەسەر ئەوەی هەموو جومعەیەك هەزار دینار بدات بە ڕۆم چونکە مەترسیان لەسەر شام هەبوو، لە سەردەمی عەبباسییەکاندا موسڵمانان چەندین هاوپەیمانیی ئاشتیان گرێ داوە لەگەڵ وڵاتی بیزەنتینییەو فەرەنساو ڕۆمای نەصرانیو پایتەختی ئەو ئیمبراتۆریانە بەردەوام جمەی هاتووە لە نوێنەرو نێردراوی موسڵمانان، هەروەکو قورطبەو قاهیرەو بەغداد بەهەمان شێوە پێشوازیان لە نێردراوی وڵاتە نەصرانییەکان کردووە.[15]

**پوختەی ڕای زانایان لەسەر هاوپەیمانیی لەگەڵ نا موسڵماناندا**

**پێشەوا ماوەردی:** زانایانی حەنەفی رەحمەتی خوایان لێ بێت دەڵێن : دروستە هاوپەیمانیی لەگەڵ یاخی بووانو هەڵگەڕاوەکاندا (البغاه والمرتدون) بکرێت بەمەرجێك وڵاتیان بەدەستەوە بێتو هێزیان هەبێتو بەناو بانگ بن بە غەدرو فێڵ[16].

**شێخ ئیبن قەییمی جەوزی:** (موشریكو ئەهلی بیدعەو یاخی بوانو ستەمکاران هاوپەیمانییان لەگەڵ دەکرێت لە پێناوی پاراستنی حورمەتی دینی خواو هاوکاریان دەکرێت لەبەر ئەو مەبەستە نەك لە سەرکوفرو یاخی بوونەکەیان کە ئەمە وردترینو

---

١٤- إبن كثير: البداية والنهاية، الطبعة الأولى ١٤١٦هـ - ١٩٩٦م،بەرطى ٨، لاپەڕە ٣٧٩.

١٥- صلاح عبدالرزاق: العالم الأسلامي والعربي، دراسة القانون الدولي الأسلامي، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢ دار السلام لاپەڕە ١٩٤.

١٦ الماوردي: الأحكام السلطانية،لاپەڕە ٨٧.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

قورسترین و ناڕەحەترین بابەتە لەسەر دەروون [١٧] و هۆی ئەوەش بوو کۆمەڵی لە یارانی پێغەمبەر ﷺ وەکو ئیمامی عومەر زۆر بە صولحی حودەیبیە نارحەت بوون).

**سوفیانی ثەوری** (٩٧–١٦١ هـ): ئینکاری ئەوە دەکات کە جەنگ لەسەرەتاوە پێویست کرا بێت.

**ئیبن و تەیمیە**: شەڕ لەگەڵ کەسێك دەکرێت لەکاتی ئاشکرا کردنی دینی خوادا شەڕمان لەگەڵ بکات و هەروەها دەڵێت: پەیمان بەستن دروستە بە ڕەهایی ببەسترێت و دروستە کاتیشی بۆ دیاری بکرێت ئەوەی کاتی بۆ دیاری دەکرێت پێویستە هەردوولا بیبەنە سەرو نابێ موسڵمانان لێی پاشگەزببنەوە تاوەکو بەرانبەر نەیشکێنێت، هاوپەیمانیی بەڕەهایی دروستەو پێشەوا بە گوێرەی بەرژەوەندی کاری پێ دەکات[١٨] و هەموو زانایان لەسەر ئەوە کۆکن هەر کاتێك پەیمان لەگەڵ لایەنێك بەسترا دروست نییە پاشگەزبوونەوە لێی تاوەکو بەرانبەر بەردەوام بێت لەسەری ئەگەر ویسترا ئەو هاوپەیمانییە هەڵوەشێنرێتەوە پێویستە پێشەکی موسڵمانان ئاگاداری بەرانبەرەکەیان بکەن.

**ئیبن و صەلاح**: ئەصل ئەوەیە بێباوەڕان بمێنێتەوەو مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، چونکە خوای گەورە نایەوێت دروستکراوەکانی لەناو ببات و دروستی نەکردوون بۆ ئەوەی بکوژرێن، بەڵکو کوشتنیانی حەلاڵ کردووە لەبەر زەرەرو زیانێك کە لێیان پەیدا بووە، ئەو کوشتنەش پاداشتی کوفرەکەیان نییە، چونکە دونیا جێگەی تۆڵەسەندنەوە نییە.

**مامۆستا هاشم جەمیل** : فقیهی سیاسی ئیسلامی ڕێگەی بە بەستنی هاوپەیمانیی داوە لەگەڵ هەڵگەڕاوەکاندا (المرتدون) لەکاتی پێویستی و زۆر ناچاریدا[١٩].

**دکتۆر سەعید ڕەمەزان بوطی**: زانایان ڕێککەوتنی حودەیبیەیان کردووە بە بەڵگە، کە دروستە ڕێککەوتننامە هەبێت لە نێوان موسڵمانان و دوژمنەکانیاندا تا ماوەیەکی دیاری کراو ئایا بە بەرانبەر بێت یان بە بێ بەرانبەر بێت، ئەگەر بە بێ بەرانبەر بێت ئەوە ڕێککەوتنی حودەیبیە بەو شێوەیە بووە و بە بێ بەرانبەر بێت باشترە، وتوویانە

---

١٧ـ ابن القيم الجوزي: زاد المعاد في هدي خير العباد ، بەرگی دوو ، لاپەڕە ١٤٢.

١٨ـ د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية، الطبعة الثانية ١٤١٧هـ ـ ١٩٩٦م، بەرگی یەکەم،لاپەرە ٨٠٧/٨٠٨)

١٩ـ د. خالد رشيد الجميلي: أحكام الأحلاف والمعاهدات في الشريعة الأسلامية والقانون، ١٩٨٧م بغداد لاپەڕە ٤٦٧.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

پارەدان لە ڕێککەوتندا دروست نییە مەگەر موسڵمانان ترسی لە ناوچوونیان هەبێت یان بترسن دەستگیر بکرێن، ئەو کاتە دروستە وەکو چۆن دیل پارە دەدات بۆ ڕزگاربوونی خۆی.

پەیماننامە دوو بەشە ڕەواو ناڕەوا، ڕەوا ئەوەیە هیچ مەرجێکی تێدا نەبێت پێچەوانەی قورئانو فەرموودەی پێغەمبەر ﷺ بێتو ناڕەواش هەر مەرجێکە کە پێچەوانەی دەقێکی شەرعی بێت وەکو گێڕانەوەی ئافرەتان بۆ ناو بێباوەڕان یان پێبەخشینی چەكو ماڵ[20].

هەرچەند ئەم مەرجانە هەندێکیان پەیوەندیان بە بەهێزیو لاوازی ڕیزی موسڵمانانەوە هەیە چونکە لەکاتی زەروورەتدا هەندێ ئەحکامی ئیسلام دەگۆڕێت.

**صەلاح عەبدوڕڕەززاق**: زۆربەی لێکۆڵەرەوەو فەقیهە موسڵمانەکان پشتیوانی ئەوە دەکەن کەوا ئاشتی بنچینەیە لە نێوان موسڵمانانو نا موسڵمانەکانداو لە پەراوێزی کتێبەکەیدا بەم شێوەیە ڕای ئەو زانایانە دێنێت کە پشتگیری ئەم بۆچوونە دەکەن:

**عەبدوڕڕەحمان عەززام**: ئیسلام کاتێك جەنگی ڕێگە پێداوە کە هۆی ڕێگە پێدانەکەی باس کردووەو سنووری بۆ ئامانجو مەبەستەکەش دیاری کردووە کە بریتییە: لە لادانی ستەم، ڕێزگرتن لەمافی نیشتەجێ بوون، ئازاد بوون لە نیشتماندا، خەڵك پاشگەز نەکرێتەوە لە دینو کەفیلی ئازادی بیروباوەڕ بۆ هەموو خەڵك هەبێت.

**وەهبە زوحەیلی** مامۆستای فیقهو ئوصولی ئیسلامی لە زانکۆی شەریعەو ماف لە دیمەشق: جیهاد لە ئیسلامدا بەناچاری ڕێگەی پێدراوەو فەرزبوونەکەی بەقورئانو سوننەتو ئیجماع دامەزراوە، بەڵام لەم فەرز بوونە ئەوە وەرناگیرێت کە جیهاد ڕێبازێکی هێرش بردنی دوژمنایەتی بێت.

**موصطەفا سوباعی**: ئەصڵ لە پەیوەندیمان لەگەڵ میللەتان بە گشتی ئاشتیو هودنەو ڕێزگرتنە لە بیروباوەڕو ئازادیو ماڵو کەرامەتی گەلانە.

**موحەممەد عەبدە**: خوای گەورە جەنگی لەسەرمان فەرز نەکردووە بۆ خوێن ڕشتنو ڕوح دەرکردن یان بۆ چاوبڕینە سەروەتو سامان بەڵکو بۆ پارێزگاری لە حەقو شوێن کەوتوانیو پارێزگاری لە بانگەواز[21].

---

٢٠- د.سعيد رمضان البوطي: فقه السيرة، لاپەرە ٢٥٥.

٢١- صلاح عبدالرزاق: العالم الأسلامي والعربى، دراسة القانون الدولي الأسلامي، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢ دار السلام لاپەڕە ١٥٦/١٥٧) ، د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية ، الطبعة الثانية ١٤١٧هـ - ١٩٩٦م،بەرگی یەکەم.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**موحەممەد مونیر غضبـــان**: هـەندێ كـات دەوڵـەتی ئیسـلامی گـەورەترین جـەنگ بـەرپا دەكات لە پێناوی یـەكێك لـە هاوپـەیمانـەكانیدا بائـەو هاوپـەیمانـە موشـریكیش بێـت، پێویسـتە دەوڵـەتی ئیسـلامی خـاوەن پـەیمانو بـە ئەمــەك بێـتو بتوانێـت بـاجی هاوپەیمانییەكەی بدات وەكو پێغەمبـەر ﷺ رووی كردە هەورەكە وتـی ئـەم هـەورە هاواری سەركەوتنی بەنی كەعب دەكات، لە كاتێكدا چوونە مەككەو پێغەمبـەر ﷺ فەرمانیدا موسڵمانان چەك بەكار نەهێنن تەنها خوزاعە نەبێت بۆ ماوەی سەعاتێك دەتوانـن بەرانبـەر بـەنی بـەكر بـەكاری بێنـن، هۆكەشـی ئـەوە بـوو پێغەمبـەر ﷺ فـەرمووی بۆ هیـچ كەسـێك لەمـەوپێش رێگـە نـەدراوە چەك لـە مەككـەدا بـەكاربێنێت بۆمن رێگەدراوە[٢٢]

**موحەممەد خەیر هەیكەل**: رای جەماوەری زانیان ئەوەیە نەهەموو كات شەڕ دەكرێت لەگەڵ بەرانبەرداو نەهەموو كاتیش ئاشتی دەبەسترێت، بەڵكو دروستە ببەسترێت بە گوێرەی بەرژەوەندی بانگەوازی ئیسلامییو قسەیەكی ئیمامی زەمەخشـەری دێنێت لەو بارەیەوە كە دەڵێ : ئـەوەی ڕاسـتە ئـەم كارە، واتـە هاوپـەیمانیو جـەنگ، لەسـەر پێشەوای موسڵمانان وەستاون، كە بەرژەوەندی ئیسلام لەچیدایە.

## ئەركی ئێستای بزاڤە ئیسلامییەكان

پـاش ئـەوەی بۆمـان ڕوون بوویـەوە ژیـانی سیاسـی پێغەمبـەر ﷺ بـە چـەندین هاوپـەیمانیی جۆراوجـۆر تێپـەڕی كـردووەو ئامـادە بـووە لـە پێنـاوی هـەموو ئـەو هاوپەیمانییانـەدا هـەموو جۆرە قوربانییەك بدات تاوەكو بەرانبەرەكەشـی پـەیمانی نەشكاند بێت پێغەمبـەر ﷺ لەسـەری بەردەوام بووەو نەیشـكاندووەو ئـەوەش كـە پـەیمان شـكێنی لەگـەڵ كرد بێـت بـەبێ تۆڵـە دەرنـەچووە، پـاش هەڵسـەنگاندنێكی شەرعیو واقیعیانەی ئەمڕۆی موسڵمانان كە بە قۆناغێكی هەستیاردا تێپەڕ دەكات كە لە هـەموو لایـەكەوە فشاریان بۆهاتووەو خۆشیان وەك خۆیـان توانـای ڕووبـەڕوو بوونەوەی ئەو واقیعەیان نییە پێویستە بگەڕێن بەدوای هاوپەیمانو هاوپەیمانییەك دروسـت بكـەن كـە موسـڵمانان لێـی بەهرەمـەندبنو هۆكارێك بێت بۆ بـەهێز بوونیـان لەگەڵ ڕەچاوكردنی ئەم تێبینیانەدا:

**یەكەم**: هۆكارێك بێت بۆ بەرەو پێش چوونـی كـاری ئیسـلامییو موسـڵمانان پێـی، پشت قایم بنو بەرژەوەندیان تیادا پارێزراو بێت لـەو كاتـەدا هـەموو هـەوڵو كۆشش ومـاندوو بوونێك لـە پێنـاویدا دەبێتـە عیبـادەت، هـەروەكو ئیبنو تەیمیـە. دەربـارەی گەڕان بە شوێن بەرژەوەندی موسوڵمانانـدا لە(مجموع الفتـاوی ٢٠/٥٠) دەڵـێ: ئەگـەر

---

٢٢ـ منير محمد الغضبان: التحالف السياسيى في الأسلام، الطبعة الثانية،١٤١٩هـ ـ ١٩٩٩م لاپەڕە ١٥٧.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

کارێك هەبوو چاکەو خراپەشی تێدا بوو لەیەکتریش جیانەدەکرانەوە لەگەڵ کردنی چاکەکەدا خراپەشی لێ پەیدا دەبوو لەگەڵ نەکردنی خراپەکەدا چاکەکەش لەدەست دەچوو ئەو کاتە کامیان زیاترو بارسەنگتر بوو کار لە سەر ئەوەیان دەکرێت، ئەگەر چاکەکە بارسەنگتر بوو دروستە بکرێت ئەگەر خراپەکە بارسەنگتر بوو دەبێت نەکرێت: "پێغەمبەری خوا ﷺ گرێ بەندی لەگەڵ قورەیشدا کرد بۆ ماوەی دەساڵو رازی بوو بەو هەموو مەرجە رەقانە لەسەر موسڵمانان. چونکە دابڕینی قوڕەیش لە بەدەمەوە نەهاتنی هاوپەیمانەکانی (لەمەدینەو دەورووبەری) لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەی پێغەمبەر ﷺ لەگەڵیاندا قازانجی زۆرتر بوو لە قبوڵ کردنی ئەو مەرجە قورسانە، هەروەکو لە شەرحی (السیر الکبیر)دا هاتووە کە ئاماژە دەکات پێغەمبەر ﷺ ئامانجی وابوو لە رێککەوتننامەی حودەیبیە قوڕەیش دابڕێ لە هاوپەیمانەکانی، بۆیە ئەو مەرجە توندانەی قبوڵ کرد، چونکە لە نێوان ئەهلی مەککەو خەیبەردا رێککەوتنێك هەبوو ئەگەر پێغەمبەر ﷺ رووی کردە هەر لایەکیان ئەوە لایەکەیتر بدات بەسەر مەدینەدا لەبەر ئەوە لەگەڵ مەککەدا رێکەوت تا لە شەڕیان پارێزراو بێت[٢٣]: "پێویستە لەهەموو هەنگاوێك لە هەنگاوەکانی بانگەوازداو لەهەموو هۆکارێك لە هۆکارەکانی ئەوە ڕەچاو بکرێت چەند سوود دەگەیەنێت بەگەلو بەدینو بە ئیسلامو موسڵمانانو چەند زیانی شەرعی هەیە، ئەگەر قازانجەکە گەورەتر بوو قوربانیو زیانەکان کەمتر بوون ئەوە ئەو کارە کردنی پێویستەو ئەگەر زیانیش گەورەتر بوو ئەوە خۆ بە دوورگرتن لێی پێویستە[٢٤]، شارەزایان لەدین چەند مەرجێکیان داناوە دەبێت پێش رەچاوکردنی بەرژەوەندی ئەو خاڵانە بەدی بکرێن:

١) دەبێ ئەو بەرژەوەندییە یەك بگرێتەوە لەگەڵ مەبەستی شەریعەتداو پێچەوانە نەبێت لەگەڵ دەقێکی شەرعی یان بنەمایەکی شەرعی.

٢) دەبێ لای ئەهلی عەقڵو ڕەئی قبوڵ بێت.

٣) دەبێ ناڕەحەتییەك لەسەر موسڵمانان لابەرێت.

٤) دەبێ بۆ هەموو خەڵك بێت نەك بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو[٢٥].

---

٢٣- د. محمد خير هيكل: الجهاد والقتال في السياسة الشرعية، الطبعة الثانية ١٤١٧هـ - ١٩٩٦م، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤٩٧/٤٩٨ )

٢٤- عبدالرحمن عبدالخاق: المسلون والعمل السياسي ، لاپەڕە ١٠.

٢٥- صلاح عبدالرزاق: العالم الأسلامي والعربي، دراسة القانون الدولي الأسلامي، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ - ٢٠٠٢م دار السلام ،لاپەڕە ١٨٣.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

**دووەم/** لەکاتی کۆبوونەوەکاندا پێویستە سنوورە شەرعییەکان بپارێزن وەکو خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَقَدْ نَزَّلَ عَلَيْكُمْ فِي الْكِتَابِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ آيَاتِ اللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا فَلا تَقْعُدُوا مَعَهُمْ حَتَّى يَخُوضُوا فِي حَدِيثٍ غَيْرِهِ إِنَّكُمْ إِذاً مِثْلُهُمْ إِنَّ اللَّهَ جَامِعُ الْمُنَافِقِينَ وَالْكَافِرِينَ فِي جَهَنَّمَ جَمِيعاً﴾ (النساء:١٤٠) واتە بە دڵنیایی خوای گەورە لە قورئاندا بۆتانی ناردووە هەر کاتێك گوێتان لێ بوو کافران بێ باوەڕیان بەرانبەر ئایەتەکان نیشان دەداو گاڵتەیان پێدەکرد لەگەڵیان دامەنیشن تاوەکو باسەکەیان دەگۆڕن ئەگەر وا نەکەن ئێوەش وەکو ئەوانن، خوای گەورە دووو ڕوو و کافرن پێکەوە لە دۆزەخدا کۆدەکاتەوە، لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئەوە وەردەگرین هەرکات موسڵمان لەگەڵ نا موسڵمان دانیشت یان دەبێ رێگەی پێ نەدات گاڵتە بەدین بکات و کاری بێ شەرعی بکات یان دەبێ ئەو کۆڕو کۆبوونەوەیە جێ بهێڵێت، کە ئەمە زۆر جار لە عورفی کاری سیاسیدا لە کاتی کۆبوونەوە لە گەڵیاندا بەرانبەر خۆیانی لێ دەپارێزن، زیاتر ئەم ئایەتە لەوە دەچێ کۆڕ وکۆمەڵی گشتی بگرێتەوە کە بە بێ ئامانج لە شوێنیکی گشتی کۆدەبنەوەو هەموو جۆرە قسەیەك بە زمانیاندا دێت.

**سێیەم/** ئەرکی سەرشانی بزاڤی ئیسلامیی ئەمرۆ ئەوەیە دەبێت هەر هەنگاوێك لە سنووری بوون و دەسەڵاتی خۆیدا بێت و کارو پرۆژەی سیاسی لەناو گەل و وڵاتەکەیدا بێت، لەگەڵ موسڵمانانی دونیادا هاوبەشی هەست و نەستیان بین و سۆزو برایەتیمان لەگەڵیاندا هەبێ، بە خۆیشیان دڵخۆشین و ئومێدمان ئەوەیە چارەسەری کێشەوگرفتەکانیان بکرێت، بەڵام لە ڕووی شەرعییەوە هەموو کەسێك بەگوێرەی توانای بەرپرسە، هەروەکو خوای گەورە دەربارەی ئەو ئیماندارانەی لە مەککە ماونەتەوەو کۆچیان نەکردووە بۆ مەدینەو لە ژێر دەسەڵات و چاودێری دەوڵەتی مەدینەدا نین دەفەرموێت ﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَهَاجَرُوا وَجَاهَدُوا بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنْفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَالَّذِينَ آوَوْا وَنَصَرُوا أُولَئِكَ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَاءُ بَعْضٍ وَالَّذِينَ آمَنُوا وَلَمْ يُهَاجِرُوا مَا لَكُمْ مِنْ وَلَايَتِهِمْ مِنْ شَيْءٍ حَتَّى يُهَاجِرُوا وَإِنِ اسْتَنْصَرُوكُمْ فِي الدِّينِ فَعَلَيْكُمُ النَّصْرُ إِلَّا عَلَى قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُمْ مِيثَاقٌ وَاللَّهُ بِمَا تَعْمَلُونَ بَصِيرٌ﴾ (الأنفال:٧٢) لە ئایەتی کۆمەکیدا(المناصرە) پشتیوانی و بەدەمەوە چوون ئەوانە دەگرێتەوە کە دەبێ کۆچیان کرد بێت بۆ مەدینەو لە ژێر دەسەڵات و چاودێری پێغەمبەر ﷺ بن ئەو لایەنانەی ئەو موسڵمانانە دەچەوسێننەوە نابێ هاوپەیمانییان هەبێت لەگەڵ پێغەمبەر ﷺ، کەواتە تەنها بیرو باوەڕی هاوبەش بەس نییە بۆ کۆمەکی کردنی موسڵمانانی تر بەڵکو لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ پێکەوە لە وڵاتێکدا بن و ئەگەر لە توانایاندا بوو ئەو کاتە دەتوانن پارێزگاری لە یەك بکەن و پرۆژەی کاری هاوبەشیان پێکەوە هەبێت و تا ئەو کاتە موسڵمانان دەبێ سەرگەرمی کاری خۆیان بن لە

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

سنووری وڵاتی خۆیاندا کار بکەن‌و دەبێ بگەینە ئەو قەناعەتەی خۆهەڵقورتاندنی لایەنێکی ئیسلامیی لە کاروباری موسڵمانانی وڵاتێکی تر جگە لەوەی قبوڵیان نییە، چونکە هەر وڵاتە تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئامانجیش ناپێکێت‌و لە باتی چاکە تووشی سەر ئێشەو گیروگرفتیان دەکات. هەر چەند ئەمرۆ لە جیهانی ئیسلامیدا لە نێوان موسڵماناندا فیکرەو بیروباوەڕی هاوبەش هەیە بەڵام پرۆژەی کاری هاوبەش نییە ئەگەر شتێکیش هەبێت لەسەر ئاستی گەلانی موسڵمانان نییەو ئەنجامی ئیجابی لێ چاوەڕوان ناکرێت. بەڵگەیەکی تر لەئەرکی سەرشانی بزاڤە ئیسلامییەکان ئەوەیە دڵسۆزی بۆ وڵاتەکەیان بەخەرج بدەن هەروەك پێغەمبەر ﷺ چووە مەدینە، کۆمەڵێ ئیمتیازات‌و تایبەتمەندی دا بەو شارە بەو هۆیەوە خوای گەورە خێرو بەرەکەتی بە سەریاندا ڕشت بەنیگای (وحی) خوا، پێغەمبەر ﷺ سنووری شاری مەدینەی دیاری کردو حورمەت‌و ڕێزی داپێدا بەشێوەیەك نابێ خوێنی تیابڕژێت، نابێ چەکی تێدا هەڵبگیرێت، نابێ خەڵکی تێدا بترسێنرێت، نابێ داری ببڕێتەوە، نابێ دۆزراوەی هەڵبگیرێت مەگەر بۆ کەسێك بانگەوازی بۆ بکات، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی ئیبراهیم سەلامی خوای لێ بێت چۆن مەککەی قەدەغە کردووە منیش مەدینەم قەدەغە دەکەم، چۆن دوعای کرد بۆ مەککە، منیش دوعام کردووە بۆ مەدینە کەخوا بەرەکەت بخاتە کێش‌و پێوانەمانەوەلە موەطەئی پێشەوا مالیك–دا هاتووە: (حدثني يحيى عن مالك عن سهل بن أبي صالح عن أبيه عن أبي هريرة انه قال كان الناس إذا رأوا أول الثمر جاؤوا به إلى رسول الله صلى الله عليه وسلم فإذا أخذه رسول الله صلى الله عليه وسلم قال اللهم بارك لنا في ثمرنا وبارك لنا في مدينتنا وبارك لنا في صاعنا وبارك لنا في مدنا اللهم ان إبراهيم عبدك وخليلك ونبيك وإني عبدك ونبيك وإنه دعاك لمكة وإني أدعوك للمدينة بمثل ما دعاك به لمكة ومثله معه) یان لە فەرموودەیەکدا کە ئیمامی بوخاری دەیگێڕێتەوە: (حدثنا عبد الله بن محمد: حدثنا وهب بن جرير: حدثنا أبي: سمعت يونس، عن ابن شهاب، عن أنس رضي الله عنه، عن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (اللهم اجعل بالمدينة ضعفي ما جعلت بمكة من البركة). هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرمووێ ئوحود شاخێکە خۆشی دەوین‌و ئێمەش خۆشمان دەوی[٢٦].

ئەو تایبەتمەندییانە هۆکارێکی سەرەکی بوون بۆ ئاوێتە بوونی کۆچبەران‌و پشتیوانان (المهاجرون والأنصار) پاش ئەوەی کە بینیان پێغەمبەر ﷺ لە خۆیان دڵسۆزترە بۆ خۆیان‌و وڵاتەکەیان. هۆیەکی‌تر بۆ ئەوەی کە پێویستە لایەنە ئیسلامییەکان بایەخ بە وڵات‌وگەلەکەیان بدەن ئەوەیە ئەمرۆ بە هۆی نەمانی

---

٢٦ـ د. علي محمد الصلابي: السيرة النبوية، الطبعة الأولى ١٤٢٥هـ ـ ٢٠٠٤م، بەرگی یەکەم، لاپەڕە ٤٥٩.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەسەڵاتی ئیسلامیی یەکگرتوو، بەڕووخانی خیلافەتی ئیسلامیی و داگیرکردنی وڵاتانی ئیسلامیی لە لایەن وڵاتە داگیرکەرەکانەوە کە بووەتە هۆی گۆڕانکاری لە جوگرافیا و نەخشەی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ئیسلامیی، هەر وڵاتەو کێشەی تایبەتی خۆی و تێڕوانینی تایبەتی خۆی هەیە بۆ چارەسەری، دیارە سەروەری وڵات و پارێزگاری لە سنوور بووە بە ڕێبازێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە ئیسلامییەکانی ئەم سەردەمە، سنوور بووە بە چەقی ململانێ و زۆرانبازی نێوان وڵاتە ئیسلامییەکان بۆ نموونە ململانێی سنوور لە نێوان عێراق – ئێران، عێراق – کوێت، میسر – سودان، سعودیە – یەمەن، سعودیە – قەتەر، قەتەر – بەحرەین، هەر چەندە پرۆپاگەندەی یەکێتی ئیسلامیی و یەکبوونی ئوممەتی ئیسلامیی هەیە بەڵام واقیعی جیهانی ئیسلامی بە پێچەوانەوەیەو وڵاتە شۆڤینییەکان بوون بە ڕەگەزێکی روخێنەری ئەو فیکرەیە[٢٧].

لە کۆتاییداو لەپوختەی ژیننامەی پێغەمبەر ﷺ و ڕای زانایان و واقعی ئێستای لایەنە ئیسلامییەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی سەرکردایەتی بزاڤە ئیسلامییەکان بە پشت بەستن بەو بەڵگە شەرعییانە نابێ هیچ بەر بەستێك ببینن لەکاتی پێویستدا بۆ بە دەستخستنی بەرژەوەندی باڵا و بەدوورگرتنی زیانی گەورە هاوپەیمانیی لەگەڵ هەر لایەنێك بکەن، بۆ بەشداری لەهەر پرۆسەیەکدا کە ئەو ئامانجانە بپێکێت، ئیتر ئەو هاوپەیمانییە بۆ هەڵبژاردن بێت یان هەر پرۆسەیەکی تر.

والحمد لله رب العالمين

٢٧ـ صلاح عبدالرزاق: العالم الأسلامي والعربي، دراسة القانون الدولي الأسلامي، الطبعة الأولى، ١٤٢٣هـ ـ ٢٠٠٢م دار السلام لاپەڕە ٣٢٥.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

### دەق و سەنەدی ئەو فەرموودانەی لە بارە هاوپەیمانییەوە هاتوون

﴿٢١٧٢﴾ حدثنا محمد بن الصباح: حدثنا إسماعيل بن زكرياء: حدثنا عاصم قال:قلت لأنس رضي الله عنه: أبلغك أن النبي صلى الله عليه وسلم قال: (لا حلف في الإسلام). فقال: قد حالف النبي صلى الله عليه وسلم بين قريش والأنصار في داري.
﴿٥٧٣٣، ٦٩٠٩﴾ رواه البخاري.

﴿ ٤٣٦٩ ﴾ أخبرنا عمر بن سعيد بن سنان قال حدثنا أبو نعيم الحلبي قال حدثنا جرير عن مغيرة عن أبيه عن شعبة بن التوأم أن قيس بن عاصم سأل النبي صلى الله عليه وسلم عن الحلف فقال لا حلف في الإسلام. صحيح ابن حبان

﴿ ٤٣٧٠ ﴾ أخبرنا أبو يعلى قال حدثنا جعفر بن حميد الكوفي قال حدثنا شريك عن سماك عن عكرمة عن بن عباس قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم لا حلف في الإسلام وما كان في الجاهلية لم يزده الإسلام إلا شدة أو حدة. صحيح ابن حبان

﴿ ٤٣٧١ ﴾ أخبرنا محمد بن صالح بن ذريح قال حدثنا مسروق بن المرزبان قال حدثنا بن أبي زائدة عن أبيه عن سعد بن إبراهيم عن أبيه عن جبير بن مطعم أن النبي صلى الله عليه وسلم قال لا حلف في الإسلام وأيما حلف كان في الجاهلية لم يزده الإسلام إلا شدة .
صحيح ابن حبان

﴿ ٤٣٧٢ ﴾ أخبرنا أبو يعلى قال حدثنا أبو خيثمة قال حدثنا إسحاق الأزرق قال حدثنا زكريا بن أبي زائدة عن سعد بن إبراهيم عن نافع بن جبير بن مطعم عن أبيه أن النبي صلى الله عليه وسلم قال لا حلف في الإسلام وأيما حلف كان في الجاهلية فإن الإسلام لم يزده إلا شدة قال أبو حاتم سمع هذا الخبر سعد بن إبراهيم عن أبيه عن جبير وسمعه من نافع بن جبير عن أبيه فالإسنادان محفوظان.
صحيح ابن حبان

﴿ ٤٣٧٣ ﴾ أخبرنا الحسن بن سفيان حدثنا أبو بكر بن أبي شيبة حدثنا إسماعيل بن علية عن عبد الرحمن بن إسحاق عن الزهري عن محمد بن جبير بن مطعم عن أبيه عن عبد الرحمن بن عوف قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم شهدت مع عمومتي حلف المطيبين فما أحب أن لي حمر النعم وإني أنكثه. صحيح ابن حبان

﴿ ٤٣٧٤ ﴾ أخبرنا الحسن بن سفيان حدثنا معلى بن مهدي حدثنا أبو عوانة عن عمر بن أبي سلمة عن أبيه عن أبي هريرة قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم ما شهدت من حلف قريش إلا حلف المطيبين وما أحب أن لي حمر النعم وإني كنت نقضته قال والمطيبون هاشم وأمية وزهرة ومخزوم صحيح ابن حبان

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

﴿ ٢٨٧٠ ﴾ أخبرنا أبو عبد الله محمد بن يعقوب الشيباني حدثنا يحيى بن محمد بن يحيى الشهيد حدثنا مسدد حدثنا إسماعيل بن علية عن عبد الرحمن بن إسحاق عن الزهري عن محمد بن جبير عن أبيه عن عبد الرحمن بن عوف رضى الله تعالى عنه قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم شهدت غلاما مع عمومتي حلف المطيبين فما يسرني أن لي حمر النعم وإني أنكثه هذا حديث صحيح الإسناد ولم يخرجاه. مستدرك الحاكم

﴿ ٢٨٧١ ﴾ أخبرنا علي بن عبد الرحمن السبيعي بالكوفة حدثنا أحمد بن حازم بن أبي غرزة حدثنا عبيد الله بن موسى حدثنا زكريا بن أبي زائدة عن سعد بن إبراهيم عن نافع بن جبير بن مطعم عن أبيه رضى الله تعالى عنه قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم لا حلف في الإسلام وأيما حلف كان في الجاهلية لم يزده الإسلام إلا شدة هذا حديث صحيح على شرط الشيخين ولم يخرجاه. مستدرك الحاكم

﴿ ٨٤٤ ﴾ حدثنا وهب بن بقية الواسطي حدثنا خالد عن عبد الرحمن بن إسحاق عن الزهري عن محمد بن جبير بن مطعم عن عبد الرحمن بن عوف قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم شهدت وأنا غلام حلفا مع عمومتي المطيبين فما أحب أن لي حمر النعم وأني أنكثه.
مستدرك الحاكم

﴿ ٨٤٥ ﴾ حدثنا العباس بن الوليد النرسي حدثنا بشر بن المفضل حدثنا عبد الرحمن بن إسحاق عن الزهري عن محمد بن جبير بن مطعم عن أبيه عن عبد الرحمن بن عوف قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم شهدت غلاما مع عمومتي حلف المطيبين فما أحب أن لي حمر النعم وأني أنكثه . مستدرك الحاكم

﴿ ٨٤٦ ﴾ حدثنا أبو خيثمة حدثنا إسماعيل بن إبراهيم عن عبد الرحمن بن إسحاق عن الزهري عن محمد بن جبير بن مطعم عن أبيه عن عبد الرحمن بن عوف قال قال رسول الله صلى الله عليه وسلم شهدت مع عمومتي فذكر نحوه . مسند أبي يعلى

حدثنا عبد الله حدثني أبي حدثنا بشر بن المفضل عن عبد الرحمن بن إسحق عن الزهري عن محمد بن جبير بن مطعم عن أبيه عن عبد الرحمن بن عوف عن النبي صلى الله عليه وسلم قال:
–شهدت حلف المطيبين مع عمومتي وأن غلام فما أحب أن لي حمر النعم وإني أنكثه قال الزهري:
قال رسول الله صلى الله عليه وسلم: لم يصب الاسلام حلفا إلا زاده شدة ولا حلف في الاسلام
وقد ألف رسول الله صلى الله عليه وسلم بين قريش والأنصر. مسند احمد

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com